گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٧)

یەکشەممە ٢٠٢٥/٦/١

# ئاوی فریاگوزاری دەگاتە ماڵان



دیمەنی کارکردن لە گەڕەکێکی هەولێر

وێنە: عومەر کەریم

# بەرزترین پرد بنیات دەندرێت

**دهۆك بەڕۆژی - زیرەك تاریق**

پرۆژەی دروستکردنی بەرزترین پردی کوردستان و عێراق لە سۆران بەدرێژیی پێنج کیلۆمەتر لەلایەن کۆمپانیایەکی خۆماڵییەوە جێبەجێ دەکرێ و قۆناغی یەکەمی تەواو بووە.

عەدنان خەلەف بەرپرسی دروستکردنی پرد لە کۆمپانیای (کاڤین گرووپ) کە جێبەجێکاری پرۆژەکەیە بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە ٩٠٠ ڕۆژە و ٢٤ کاتژمێر بە بەردەوامی کاری تێدا دەکرێت، هەوڵ دەدەن پێش وادەی خۆی کارەکان تەواو بکەن.

ئاماژەشی بەوە دا کە ئێستە دەستیان بەجێبەجێکردنی بەشی دووەمی پرۆژەکە کردووە، تەواوی کرێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش ناوخۆیین، بەکوالێتییەکی بەرز پردەکە دروست دەکەن.

ڕێگەی پردەکە جووتسایدە و بەدرێژاییی پێنج کیلۆمەتر دروست دەکرێت، پردێکی هایدرۆلیکی بەدرێژیی ٢٥٠ مەتر و بە بەرزیی ٣٢ مەتر لەخۆ دەگرێت، تێچووی پردەکە ٢٨ ملیار دینارە و کۆی پرۆژەکە ٥٠ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، دەبێتە بەرزترین پرد لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، بۆ (گڵکەند) گوتی دروستکردنی ئەم ڕێگە و پردە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کێشەی هاتوچۆ لە سنوورەکە چارەسەر دەکات و جەنجاڵیی ناو شار کەم دەکاتەوە، ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانیش بەسیدەکان و شارۆچکەی مێرگەسۆر دەبەستێتەوە.

گوتیشی قۆناغی دووەمی پرۆژەکە لە جێبەجێکردن دایە کە درێژییەکەی پێنج کیلۆمەترە و هەر سایدێک سێ هێڵی تێپەڕبوونی ئۆتۆمۆبێلی هەیە.



لای خۆیەوە مستەفا ئەمین بەرپرسی دیزاین لە کاڤین گرووپ ڕای گەیاند دیزاینی پردەکە ناوازەیە لەسەر ئاستی جیهان، کۆمەڵێک ئەندازیاری گەنجی کورد کارەکانی ڕادەپەڕێنن، ڕاوێژکاری بیانیشیان لەگەڵ دایە.

هەروەها عومران فەقێ، بەرپرسی قیرتاوکردن ڕوونی کردەوە کە وەک کاڤین، سیستەمی قیرتاوکردنی ڕێگەوبان بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێ دەپەڕێت. دەبێت بەباشترین مادە دروست بکرێت کە بتوانێت بەرگەی گەرما و ساردیی کەشوهەوای بگرێت.

یەکەم پردی دەروازەی شاری سۆران ٩٥٪ی تەواو بووە و بەگشتی لە پرۆژەکەدا ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ کارەکان تەواو بووە

ئەم پرۆژە ستراتیژییە گرینگە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباڵغیی هاتوچۆ و ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان و بازرگانان، بەتەواوبوونی ئەم ڕێگە و پردە بەرزە، هاتوچۆ بەخێرایی و بێ کێشە بەڕێوە دەچێت و کاتی گەشتکردن کەم دەکاتەوە، گرینگییەکی زۆری دەبێت بۆ گەشەسەندنی ژێرخانی گەشتیاری، ئابووری و بازرگانیی هەرێمی کوردستان.

مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ٢٨/٥/٢٠٢٤ بەردی بناغەی پرۆژەی ڕێگە و پردی ٤٠ مەتری لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دانا، کۆی پرۆژەکە ٥٠ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە. لە مانگی شەشی ساڵی ڕابردووەوە کارکردن لەم پرۆژە ستراتیژییە دەستی پێ کردووە. ●

# پسپۆڕێکی کورد سەرنجی میدیاکانی جیهان ڕادەکێشێ

**گڵکەند**


توێژینەوەیەکی زانستیی توێژەرێکی کورد لەبارەی گۆڕانێکی گەورەی جیۆلۆجی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، لە میدیاکانی جیهان دەنگ دەداتەوە و دەیان ڕاپۆرتی لە بارەوە بڵاو دەکرێتەوە.

دوکتۆر ڕێناس ئیسماعیل خۆشناو سەرۆکی تیمێکی توێژینەوەی زانستییە لەبارەی داتەپینی زەوییەکانی دەوروبەری چیای زاگرۆس، کە لە بەشی جیۆلۆجیای پێکهاتەیی و زانستی گەرمیی زەوی لە زانکۆی گۆتینگی ئەڵمانی ئەنجامیان داوە، پێی وایە چیای زاگرۆس بەر لە ٨ تا ١٢ ملیۆن ساڵ ناوچەیەکی شاخاوی نەبووە، بەڵکو گردێک بووە، ئەمەشیان بە لێکۆڵینەوەی جیۆکیمیاوی بۆ دەرکەوتووە.

دەشڵێ بە لێکۆڵینەوە ئاشکرایان کردووە کە ئەو گرد و خاکە چۆن تێکشکاوە و بووە بە چیا، هەروەها چۆن لە سنووری زاخۆوە دەستی بە بەرزبوونەوە کردووە.

د. ڕێناس کە ئێستە خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی جیۆلۆجییە لە ئینستیتوی ماساشۆستس بۆ تەکنەلۆژیا لە ئەمەریکا، لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) باسی لێکۆڵینەوەکەیان دەکات لەسەر کاریگەریی ئەو هێزانەی زنجیرە چیای زاگرۆس لە دیوی هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی بیست ملیۆن ساڵی ڕابردوودا بەسەر داتەپینی ڕووی زەویدا سەپاندووە.






لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆیان دەرکەوتووە ئێستە لە قووڵاییی سەدان کیلۆمەتر لەژێر ڕووی زەویدا، پلێتی زەریای نیۆتیتیس کە سەردەمانێک لە نێوان کیشوەرەکانی عەرەبی و ئۆراسیادا بووە، بە شێوەی ئاسۆیی لە پلێتی عەرەبی جیا دەبێتەوە، کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە تا باکوری ڕۆژئاوای ئێران درێژ دەبێتەوە.

ئەمەش وای کردووە جۆرێک لە داتەپینی زەوی لە ناوچەی زاگرۆسدا ڕوو بدات.

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوو کیشوەر لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا، بنی زەریای نێوانیان تا قووڵاییەکی زۆر لەژێر کیشوەرەکاندا دەخلیسکێت.

لە کۆتاییدا ئەو دوو کیشوەرە بەریەک دەکەون و تێکشکانی چینی بەردەکان لە لێوارەکانیان ڕوو دەدات و بەرز دەبنەوە بۆ دروستکردنی زنجیرە چیاکان.

بەدرێژاییی ملیۆنان ساڵ کێشی گەورەی ئەم شاخانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووی زەوی بەرەو خوارەوە بچێت.

توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە کێشی چیای زاگرۆس لە هەرێمی کوردستان بەتەنها هۆکار نییە لەو داتەپینەی بە ٣-٤ کیلۆمەتر دەخەملێندرێت لە ماوەی ١٥ ملیۆن ساڵی ڕابردوودا و پڕ بووە لە نیشتوو.

ئەو پسپۆڕە کوردە باسی گرینگیدانی زۆری میدیای جیهانی بە ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەکات، پێی وایە ئەو بابەتە زانستییە و ماوەی ئەنجامەکانی ملیۆنان ساڵ دەخایەنێت، بۆیە ئەوە هەڵناگرێ مەترسیی گۆڕانی خێرا و گەورەی لەسەر ڕووی زەوی لێ بکرێت. ●

حکوومەت مکووڕە

# پرۆژەی ڕووناکی دەگەیەنێتە سەرجەم ماڵەکانی کوردستان



وێنە: محەمەد شوانی

**زیرەک تاریق**

کارەکانی پرۆژەی دەستپێشخەرییە گەورەکەی دامەزراندنەوەی خزمەتگوزاریی کارەبا بەخێرایی بەڕێوە دەچێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر تەواوکردنی پرۆژەی ڕووناکی تا کۆتاییی ساڵی داهاتوو، بۆ ئەوەی کارەبای بێ پچڕان بگاتە سەرجەم ماڵەکانی هەرێمی کوردستان.

هێواش هێواش گەڕەکە قەرەباڵغەکانی هەولێر و شارەکانی تری کوردستان بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورەی ژینگەیی هەنگاو دەنێن، ژاوە ژاوی مۆەلیدە دووکەڵاوییەکانیان لە کۆڵ دەبێتەوە، کارەبایەکی بێ پچڕانی (پرۆژەی ڕووناکی) یان بەنرخێکی گونجاو پێ دەگات.

تیمی پرۆژەی ڕووناکی بە (گڵکەند) ڕادەگەیەنێ کە تەنها لە هەولێر ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی پرۆژەی ڕووناکییان پێ گەیشتووە گەیشتووەتە ٥٣٠ هەزار کەس، هەروەها لە شاری سلێمانی ٤٠ هەزار کەس و لە دهۆکیش ٣٠ هەزار کەس کارەبای بێ پچڕانیان هەیە. بەپێی تیمی پرۆژەی ڕووناکی، ئێستە زیاتر لە ٤٠ گەڕەکی هەولێر کارەبای ٢٤ کاتژمێرییان هەیە، تا سەرەتای مانگی شەشی ئەمساڵ، سەرجەم ئەو گەڕەکانەی دەکەونە نێو بازنەی شەقامی ١٢٠ مەتریی شاری هەولێر، پرۆژەی ڕووناکییان پێ دەگات. هەروەها تا کۆتاییی ئەمساڵ ئەو گەڕەکانەی لە سەنتەری شارەکانن بەتەواوی دەبنە خاوەنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری.

تا ئێستە ٧٢٩ مۆەلیدەی گەڕەک کوژاونەتەوە. بەمەش پیسبوونی ژینگە و ژاوە ژاو کەم بووەتەوە، لە ئەنجامدا دەردانی گازی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن بارتەقای دەردانی گازی ١٢٥ هەزار ئۆتۆمۆبێل کەم بووەتەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پرۆژەی ڕووناکی و نرخی نوێی کارەبای پەسند کرد. نرخەکان بۆ ماڵان بەشێوەیەک دانراون کەوا بەپێی ئاستی بەکارهێنان بەرز دەبێتەوە، واتا چەند کەمتر کارەبا بەکار بهێنن، کەمتری پارە تێ دەچێ، بەم شێوەیە بەکارهێنەر خۆی بەرپرسیارە لەوەی چەند وزەی کارەبا بەکار دێنێ و بڕی چەند پارەی بۆ دەگەڕێتەوە.

پێشەوا هەورامانی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە دیاریکردنی نرخەکە، ڕەچاوی دۆخی دارایی خەڵک کراوە، نزیکەی ٨٠٪ی خەڵک پارەیەکی کەمتر لە جاران دەدەن بۆ ئەوەی سوودمەند بن لە کارەبای ٢٤ کاتژمێری.

نرخەکانی کارەبای ماڵان لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕووناکی بەشێوەی پلەدار لێکدانەوەی بۆ دەکرێ و بە شێوەی خشتەی ژمارە یەک.

| ئاستەکان | کیلۆوات | نرخ |
|---|---|---|
| یەکەم | ٠ بۆ ٤٠٠ | ٧٢ دینار |
| دووەم | ٤٠١ بۆ ٨٠٠ | ١٠٨ دینار |
| سێیەم | ٨٠١ بۆ ١٢٠٠ | ١٧٥ دینار |
| چوارەم | ١٢٠١ بۆ ١٦٠٠ | ٢٦٥ دینار |
| پێنجەم | ١٦٠٠ بۆ زیاتر | ٣٥٠ دینار |

خشتەی ژمارە یەک

لای خۆیەوە وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕای گەیاندووە کە ٦٤٪ی هاووڵاتیان دەکەونە ئاستی یەکەم و دووەمەوە. لە هەمان کاتدا نرخی کارەبا بۆ جۆرەکانی دیکەی هاوبەشانی کارەبا کە بەشێوەی جێگیر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بە شێوەی خشتەی ژمارە دوو.

| | |
|---|---|
| کشتوکاڵی | ٦٠ دینار بۆ هەر کیلۆوات کاتژمێرێک |
| پیشەسازی | ١٦٠ دینار بۆ هەر کیلۆوات کاتژمێرێک |
| پیشەسازیی گەورە | ١٢٥ دینار بۆ هەر کیلۆوات کاتژمێرێک |
| میری | ١٦٠ دینار بۆ هەر کیلۆوات کاتژمێرێک |

خشتەی ژمارە دوو

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕاهاتنی هاووڵاتیان لەگەڵ شێوازی نوێی کارەبا، پاڵپشتی بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات بەڕێژەی داشکاندنی ٥٠٪ لە مانگی یەکەم و ٢٥٪ لە مانگی دووەم و ١٥٪ لە مانگی سێیەم، هەروەها پاڵپشتیی زیاتریش لە داهاتوودا کاری لەسەر دەکرێت.

سەبارەت بەچۆنیەتیی زانینی بڕی بەکارهێنانی کارەبا، تیمی پرۆژەی ڕووناکی بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، مانگانە لە ڕێگەی کارمەندانی پرۆژەی ڕووناکی لە گەڕەکەکان پسوولەی کارەبا بەهاووڵاتیان دەدرێت.

هەروەها نامیلکەیەک بڵاو دەکرێتەوە، لە ڕێگەی سکانکردنی QR کۆدێکەوە هاووڵاتیان دەتوانن زانیارییەکانی خۆیان تۆمار بکەن، بەمەش لە ڕێگەی نامەوە بەردەوام هاووڵاتییەکە لە بڕی بەکارهێنانی کارەبا ئاگەدار دەکرێتەوە. ئامانجیش ئەوەیە لە داهاتوودا پسوولەی کاغەزی نەمێنێ و بەتەواوی پرۆسەکە بەدیجیتاڵی بکرێت

تیمی پرۆژەی ڕووناکی ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستە هیچ هاووڵاتییەک کارەباکەی نەکوژێنراوەتەوە بە هۆکاری ئەوەی پارەی پسوولەی مانگانەی کارەبای پرۆژەی ڕووناکیی نەدابێت، چونکە تا ئێستە لەبارەی ڕێکارەکان هیچ ڕێنماییەک نییە و دەڵێ "ئەمە ڕاست نییە کە باس لەوە دەکرێت پارەی کارەبا نەدەیت، ڕاستەوخۆ کارەباکەت دەبڕێت. ئەگەر لە داهاتوودا ڕێنماییش هەبێت، بێگومان هاووڵاتییەکە چەند جارێک ئاگەدار دەکرێتەوە".

هیوا کەریم (تەمەن ٢٨ ساڵ)، خاوەن دوکانێکە لە بازاڕی کورانی هەولێر، بۆ (گڵکەند) گوتی پێشتر بەکارەبای مۆەلیدە و نیشتمانی مانگانە بڕی ٤٥,٠٠٠ دیناری داوەتە کارەبا، بەڵام بەپرۆژەی ڕووناکی مانگانە لە نێوان ٢٥,٠٠٠ تا ٣٠,٠٠٠ دینار دەدات. هەروەها گوتی "ئێستە کێشەی هەڵدانەوەی جۆزەمان نەمایە، فێنککەرەوە و گڵۆپەکانیش هەموو پێ دەکەم".

پرۆژەی ڕووناکی، لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، کە ئامانج لێی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێرییە بۆ هاووڵاتیان. مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ پرۆژەی ڕووناکیی ڕاگەیاند، ئەمەش دوای دوو مانگ تێستکردنی پرۆژەکە لە گەڕەکی شادیی شاری هەولێر. ●



# میراتی گەچ
# لە زاری عەزیزی کوڕە وەزیری کۆیێ

لە شاخ و گردۆڵکە چۆڵەکانی وراتی کۆیێ، ئەو ئیشە سپییەی سەردەمەك پیشەی گەشەسەندووی سەدان کەس بوو، ئەوڕۆ لە لەناوچوون و ڕەشبوونەوە نێزیك دەبێتەوە

**شلێر سەعید**

عەزیز حەمەدی کوڕە وەزیر سەربوردەی میراتی تۆزی سپیی گردەکانی کۆیێ و ئەفسانەی مانەوە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە "لە وەتەی بەبیرم دێت ئێمە لەسەر گەچ ژیاوین".

ئەو وەستای گەچە لەدایکبووی ١٩٤٩یە، بەهۆی ئەوەی باپیرە گەورەی لە سەردەمی پاشای گەورەدا وەزیر بووە، لە کۆیە خۆی و باوکیشی بە کوڕە وەزیر ناویان دەرکردووە، بەڵام لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە لە باوکیەوە کارکردنی لە کوورەی گەچدا بۆ ماوەتەوە.

جاران بە کەر و وڵاخ بەباگردان گەچ دەکوتراوە، تا ساڵی ١٩٥٨ باوکی عەزیز حەمەد تاحونەی گەچی بۆ کۆیێ هێنا، ئەو کات کوڕەکەی منداڵ بووە، عەزیز حەمەد دەڵێ "بەبیرم دێت خەڵک دەیانگوت باوکم لە مووسڵەوە بەئۆتۆمۆبێل تاحونەکەی هێناوە و بە ٢٥٠ دیناری کڕیبوو".

هەروەها دەیگێڕێتەوە بەهۆی ئەوەی تاحونەکە زۆر خێرا کاری دەکرد، کرێکارەکان ماندوو دەبوون و دەیانگوت دەک بەخێر نەیەتەوە لەگەڵ ئەو بەڵایەی هێناویەتی.

دوای مردنی باوکی عەزیز حەمەد لە ساڵی ١٩٦٨، ئەو کارە بۆ کوڕەکانی بەجێ ما، بەپشتی وڵاخ گەچیان دەبرد بۆ کۆیە، دەڵێ پێیان دەگوت باری گەچ و بە کۆر دەپێورا وەک گەنم و جۆ. خانووی خۆی بە گەچ و بەرد دروست کرد، پێی وایە زۆر باشتر و پتەوترە لەو بلۆکەی ئێستە خەڵک بەکاری دێنن.

قوتابخانەی گەڕەکی بایزاغای کۆیێ و سەرای ڕانیە باوکی عەزیزی کوڕە وەزیر دروستی کردوون، ئەو بەشانازییەوە دەڵێ لە کۆییێوە بەپشتی حوشتر گەچەکەیان گواستووەتەوە.


وەستا عەزیز بەهەستێکی تژی نۆستالژیاوە باسی ئەو ساڵانەی تەمەنی دەکات کە لە کورەکانیانەوە گەچیان بۆ نۆژەنکردنەوەی زۆربەی شوێنەوارەکانی کۆیێ دابین دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی بازاڕیان نەما، ناچار بوون واز بێنن و کورەکانیان دابخەن.

ئەو وەستایە لە سەردەمێکدا بەخۆی و براکانی و ١٢ کرێکارەوە کورەیەکیان بەڕێوە دەبرد، ٣٠ کورەی تری گەچ لە کۆیێ هەبوون، ئەوان بە تەنها ڕۆژانە حەفت باری وڵاخیان لە گوندەوە دەگەیاندە کۆیێ.

وەستا عەزیز دەڵێ گەچ کانزایە و لە هەموو شوێنێک نییە، بەڵام لە کۆیێ زۆرە، بەتایبەتی بناری کۆسرەت تا کڵێسە تژی گەچە، هەروەها لە ناوچەی باوە قوب و دێگەڵەش هەیە.

باسی جیاوازیی گەچیش لەگەڵ قسڵ دەکات، کە سەردەمێک هەردوو کاری کورەی گەچ و کورەی قسڵ لە سنوورەکە هاوشانی یەکدی برەویان سەندبوو، ڕوونی دەکاتەوە کە گەچ بەردەکەی کانزایە، بەکارهێنانیشی جیاوازە، هەرچەند هەردووکیان دەسووتێنرێن، وەستای گەچ و قسڵیش جیاوازن، زۆر کەم وەستا هەیە بزانێت قسڵ بگرێتەوە، جاران لەگەڵ خۆڵ قسڵیان دەگرتەوە و زۆرتر بۆ حەمام و ئاشی کۆن بەکار دەهات، لەگەڵ حەوزی ئاو و هەر شوێنێک شێی ئاوی هەبووبێت، چونکە بەئاو تێک ناچێت، بەپێچەوانەی گەچەوە کە بەرگەی شێ ناگرێت، گەچ سپییە و قسڵ ڕەنگی بۆرە، ئێستە قسڵ بە لم و قوم دەگیرێتەوە وەک چەمەنتۆ.


وەستا عەزیز ئەوەشی وەبیر هاتەوە کە لەو ساڵانەی ڕابردوودا داوای لێ کرا بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر قسڵ ئامادە بکات، چونکە پێشتر بۆ نۆژەنکردنەوەی قشڵەی کۆیەی دروست کردبوو، ئەوە بوو دوو کورەی بۆ دروست کردن کە زیاتر لە ٣٠ تۆن دەبوو، هەر کورەیەکی ١٩ بەرمیل نەوتی تێدا سووتێندرا. ●



وێنە: شلێر سەعید

دیمەنێکی ناوچەی کوورە گەچییەکانی جارانی کۆیە

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

## پۆڵس شەمعون

کە لە شارەوانیی هەولێر وەک مەساح دامەزرام، سێ مەساحی دیکەی لێ بوو، سێ پیاو، دوویان چوارشانەی باڵابەرزی کریستیان، یەکێکی وردی بچووکی دەموچاو بە خوریکەی ئێزیدی، واتە هیچیان هەولێری نەبوون، هەموو نەخشە و موڵکەکانی شارەکە لەبن دەستی ئەواندا بوو.

هەرسێکیان بە زمانی عەرەبی قسەیان دەکرد، لە یەک دەورەی ‹‹مساحە عامە››ی بەغدا دەرچووبوون، نوێ، یەکەم جاریان بوو هاتبوونە هەولێر.

ئەوان لەو دائیرە چەورە، لەو شارە نەرمە، ئارام گیرسابوونەوە، بیریان لەوەش نەدەکردەوە بچنەوە شارەکانیان، شەق لە بەختی خۆیان بدەن، لەگەڵ فەرمانبەران و خەڵکەکە جوان و باش تێکەڵ بووبوون، هەموو خۆشیان دەویستن، بەتایبەتی دوو کریستیانەکانە!

یەکەمیان پۆڵس شەمعون بوو، منداڵی شارۆچکەی مانگیشی دهۆک بوو. لەگەڵ ئەو دووجار بەسەردان چوومە ئەو شارۆچکە کریستیاننشینە جوانە شاخاوییە. لەوێ گەورەترین و درێژترین قەڕابەی شووشەی بەقەپاغی عەرەقی دەستکردم لە ژێرزەمینی ماڵی پووری بینی. هەر لەوێش بینیم کە ژنان مەنجەڵی گەورەیان بۆ عەرەق دروستکردن، لەسەر ئاگردانێک لەسەر چەقی ڕێگەکەی ناو گوندەکە دانابوو.

ئەو لە بەغدا گەورە بووبوو، بەر لەوەی ببێتە مەساح و بێتە هەولێر، لەناو بەغدا فۆتۆگرافەر بووە پیاوێکی قەڵەو و قسەخۆش و سادە بوو، لەگەڵ گەورە و گچکە، هەژار و مەلاش دەگونجا، زووش دەبووە دۆستی بەڕێوەبەرەکان.

زاراوەی بادینیی باش بوو، بەڵام کەم بەسۆرانی قسەی دەکرد، هەمووش بە عەرەبی قسەیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام ئەگەر ناچار بوایە کوردییەکەی عەیبی نەبوو، پێی شەرمیش نەبوو بەکوردییەکی شڕ قسە بکات.

کۆنە چەپ بوو، ماوەیەک لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی عێراقی کاری کردبوو، بەڵام لە ڕۆژە سەختەکانی حزبەکە وازی لەو سەرئێشییە هێنابوو پیاوێکی زیرەک، خزمەتی باشی دەکرد، لێزان بوو لە کردنەوەی گرێی کارەکان، زمانی شیرین بوو، جنێوی شیرینی بۆ خۆشی دەدا، جنێویشی قبووڵ بوو، ئێستە لە کەنەدایە، ئیشوکار، هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژگار لەو فێر بووم.

پۆڵس پاش ڕاپەڕین لە سەرکردایەتیی حزبەکان بەتایبەتی پارتی زۆر نزیک بوو، خۆشیان دەویست، بۆیەش توانی کۆمەڵەی کلدانی لە عەنکاوە دامەزرێنێ و ببێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە، ئەوێش بکاتە مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیی فەرهەنگیی گەورە، لە ناوجەرگەی عەنکاوەش بەپارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باڵەخانەیەکی جوانی دووسێ نهۆمیی بۆ قیت کردەوە، خۆم سەدان شەوچەرەم لەوێ کردووە. ●

# کۆتایی مانگ ئاوی پرۆژەی فریاگوزاریی خێرا دەگاتە ماڵان

هەژار مەجید

کارکردن لە پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاو لە قۆناغەکانی کۆتایی دایە، ٧٥٪ تەواو بووە، چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتاییی ئەم مانگەدا (حوزەیران)، قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە بکەوێتە خزمەتی هاووڵاتیان، قۆناغی دووەمیش لە کۆتاییی ئەمساڵ تەواو دەبێت.

بەگوتەی بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر، پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاوی ماڵان لە دوو بەشی جیاواز پێک دێت، یەکەمیان لەلایەن کۆمپانیای (هێمن گرووپ)ەوە جێبەجێ دەکرێ و بریتییە لە گواستنەوەی ئاو لە زێی گەورە و لە ڕێگەی بۆڕیی گەورەوە بۆ نێو شاری هەولێر و دامەزراندنی ژمارەیەک وێستگەی تایبەت بەو ئاوە، بەشی دووەمیشی بەستنەوەی هێڵی پرۆژەی فریاگوزارییە لەنێو شاری هەولێر بەتۆڕی ئاوی ماڵان کە لەلایەن کۆمپانیای (کەیوەن)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

ڕابەر حوسێن بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، سەرچاوەی ئاوەکە زێی گەورەیە، کە لە ڕێگەی دوو هێڵ بۆ سێبیران دەگوازرێتەوە و لەوێ دەخرێتە ناو چوار عەمباری گەورە، دواتر بە چوار هێڵ لە ڕێگەی ١٠٢ پەمپ ئاوەکە بە چوار ئاراستەی جیاوازی شاری هەولێر و بە درێژیی ٢٢٠ کیلۆمەتر بۆڕی دەگوازرێتەوە.

بەپێی ئەو بەرپرسە، تێچووی پرۆژەکە کە وا بڕیارە تاوەکو سی ساڵی داهاتوو کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر چارەسەر بکات، ٤٨٠ ملیۆن دۆلارە، کە لە چەند بەشێک پێک دێت، وەک ئاووەرگر و وێستگەکانی پاڵاوتن و دروستکردنی عەمباری ئاو.

بەشی دووەمی پرۆژەکە، بەستانەوەی چوار هێڵەکەیە، ئەوانەی ئاو لە زێی گەورەوە دەهێنن بۆ نێو شاری هەولێر بەتۆڕی ئاوی گەڕەکەکان بەدرێژیی ٤١١ هەزار کیلۆمەتر، کە لەلایەن کۆمپانیای (کەیوەن)ەوە جێبەجێ دەکرێت و تێچووی پرۆژەکە ٢٥ ملیۆن دۆلارە.

بەردی بناغەی پرۆژەکە لە ئەیلوولی پارەوە دانراوە، ماوەی پرۆژەکە ساڵێک و نیوە، ٧٥٪ی پرۆژەکە تەواو بووە و چاوەڕێ دەکرێ ئەم مانگە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە بخرێتە خزمەت هاووڵاتیانەوە، قۆناغی دووەمیش لە کۆتاییی ئەمساڵ تەواو دەبێت.

وەکو ئەو بەرپرسە باسی دەکات، ئێستە لە ڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر دابین دەکرێت کە بریتین لە هەرسێ هێڵی ئیفراز، ڕۆژانە لە توانایان دایە ١٣ هەزار و ٥٠٠ مەتر سێجا ئاو دابەش بکەن، بەڵام پرۆژەی فریاگوزاریی خێرا بەتەنها توانای ٢٠ هەزار مەتر سێجای ئاوی هەیە لە ڕۆژێکدا. دەشڵێ سەرجەم ماددەکانی بەکارهاتوو لەو پرۆژەیە ماددەی زۆر باشن و کوالێتی بۆڕییەکان بە شێوەیەکن کە توانای هەیە بەرگەی ٤٠٠ مەتر ئاو بگرێت، کاتێک بە ستوونی بەرز دەبێتەوە.

لە پرۆژەکەدا جگە لەوەی نزیکەی ٣٠٠ هەزار ماڵ بەشێوەی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن، هەروەها زیاتر لە ١٠٠٠ بیری ئاویش دەکوژێندرێنەوە، بە تەواوبوونی پرۆژەکە تا سی ساڵی دی گرفتی ئاوی ماڵان لە هەولێر چارەسەر دەبێت. ●



---

کوردستان



کوردستان موکریانی

## منداڵانمان بە کوردی نادوێن!

من لەبەر دوو هۆ ئەم نێونیشانەی ژوورو ئاڕاستەی دایکانی هێژای کوردی دەکەم: یەکەم/ ئەو گەورەییە بە ئێمەی دایکان بەخشراوە، کە زمانی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک بە زمانی دایک نێوبندرێت، بەمە بەرپرسیارێتێکی گرنگ خراوەتەئەستۆمان.

دووەم/ ئێمەی دایک نێزیکترین کەسی منداڵەکانمانین، هەتا دووگیانین لەگەڵ ترپەکانی دڵە گەورەکەمان دەژین، هەست بە خۆشی و ناخۆشیمان دەکەن، کە دەیانهێنینە دنیا بە شیری خۆمان گەورەیان دەکەین.لەخۆشی بوونمان بە دایک، دەبین بە بوێژ و گۆرانیبێژ و هەوڵدەدەین لە فەرهەنگی وشەکانماندا جوانترین و ناسکترین وشەی کوردییان بۆ هەڵبژێرین، تا بە دەنگە زولالەکانمان لە کاتی لایلایەکردنماندا دووپات و سێ پاتی بکەینەوە، کە گەورەتر بوون چیرۆکی بزنۆکە و مەڕۆکە و دەیان داستانی کوردییان بۆ دەگێڕینەوە. هەڵبەت ئەم هەنگاوانە بەهاوکاری باوک و ئەندامانی دیکەی خێزاندا بەڕێوەدەچن.

کەچی هێندێک لە دایکان هەر لە تەمەنی چوار ساڵییەوە کۆرپەکانیان ڕادەستی باخچەیەکی ساوایانی دەکەن، کە زمانەکەی کوردی نییە و بیانییە! ئێمەی دایکان لەم بارەدا هەر لەنێو خاکی خۆماندا منداڵەکانمان دووچاری سەرلێشێواوی و نامۆیی دەکەین، چونکە گەورەدەبێت هیچ شارەزاییەکی نە لە زمانی دایکی، نە لە ڕۆشنبیری و شارستانییەت و.. کوردی نابێت، کەواتا هەر لە چوار ساڵییەوە ناسنامەی کوردبوونیان لێ وەردەگرینەوە، لێرەدا ڕەفتاری ئێمەی دایک دەبێت چ جیاوازییەکی لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەخداوە هەبێت، کە بە بەرنامەڕێژی کاری لەسەر تێکەڵبوون و تواندنەوەی کوردی لەنێو عیراقدا دەکرد!

زمان تاکە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەی کوردە. زمان کەرەستەیەکی سەرەکی یەکبوونی کورد و هزری کوردستانخوازییە. بەتەنیا زمان ئێمەی لە گەلانی داگیرکاری هەموو پارچەکانی کوردستانی جوداکردۆتەوە، چونکە ئێمەی بێبەشکراو لە فێربوونی زمانی دایک، ئێمەی خاوەن وڵاتێکی کۆلۆنیکراو و ئێمەی بێدەوڵەت و.. بەهێزترین چەکێکی هەبوونی خۆمان پێی پاراستووە، زمانەکەمانە. هەر لەم ڕوانگەوە یەک لە داواکارییە هەرە گرنگەکانی شۆڕشەکانی کورد لە بەرامبەرەکەیدا خوێندن بە زمانی دایک بە زمانی کوردی بووە،کەچی ئێستا ئێمەی دایکان ئەو داواکارییەمان بەدەستی خۆمان پێشێلکردووە.

زانست ئەوەی سەلماندووە، هەر منداڵێکی بە باشی فێری زمانی دایکی بێت، ئەوا دواتر و لە تەمەنێکی دیاریکراودا لەپاڵ زمانەکەی خۆیدا دەتوانێت، زێتر لە زمانێکی بیانی فێرببێت، کە بەهۆیەوە ناسیاری لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە ڕووی بەهاکانی ژیان، شارستانییەتی، مێژووی، مرۆڤدۆستی و.. دەستەبەردەکات.

ڕەسوول گەمزاتۆڤ لە داغستانی مندا نووسیویەتی: ئەگەر ژنێک خواستێکی خراپ بۆ ژنێکی دیکە بخوازێت، دەڵێت: خودا منداڵەکانت لە زمانی دایکیان بێبەش بکات.

ئەو دایکەی ئەم دوئا خراپەی کردووە، باش زانیویەتی، کە نەزانینی زمانی دایک لەدەستدانی ناسنامە دەگەیەنێت، نەبوونی ناسنامەش داماڵین لە هەمووجۆرە بیروباوەڕ، مێژوو، چاند و هونەر دەدات بەدەستەو، کە ئەمەش گەورەترین کارەساتە، کە بەدەستی خۆمان دووچاری منداڵەکانمانی دەکەین. ●

هەولێر ٢٠٢٥/٥/١٥

# مەدحەت بێخەو
# شیعرێکی بووە مارشی شۆڕش

نازم دڵبەند

مەدحەت بێخەو شاعیری ناوداری کوردستان لە دەسپێکی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا ساڵی (١٩٦١)، بەهەستێکی نەتەوەیی شیعری (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین)ی نووسی و بوو بەمارشی شۆڕش.

بێخەو لە دیدارێکدا بۆ (گڵکەند) باسی نووسینی ئەو شیعرەی دەکا و دەڵێ "دوای نووسینی، شیعرەکەم بۆ هونەرمەندی ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد خوێندەوە؛ زۆری بەدڵ بوو، ئەوە بوو لەگەڵ هونەرمەندە میوزیکژەنەکانی ئەوێ ڕۆژێی شاخ ڕێک کەوت و ئەم سروودەی یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦١) لە شاخ تۆمار کرد".

دوای ئەوەی سروودەکە دەنگ و سەدایەکی گەورەی هەبوو و ڕۆژانە لە ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) بڵاو دەکرایەوە؛ شیعرەکە بەفەرمانی مەلا مستەفا بارزانی کرایە مارشی شۆڕش، مەدحەت بێخەو دەڵێ "ئەم فەرمانە بوو بەسەروەرییەکی مێژوویی بۆ من".

جارێکی دیکە ئەم سروودە لە ساڵی (١٩٦٣) لە گوندی (پیرزین) هەر بەدەنگی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد تۆمار کرایەوە، تا ئێستەش بە زیندوویی ماوەتەوە.

مەدحەت بێخەو ناوی مەدحەت خدر عەبدوڵلایە، ساڵی (١٩٣٤) لە شارۆچکەی مەخموور لەدایک بووە، لە سەرەتای لاوێتییەوە تێکەڵ بەجیهانی شیعر و ئەدەب و سیاسەت بووە.

شیعرەکانی بێخەو بەسەر سێ تەوەردا دابەش بوون: شیعری چینایەتی، شیعری نەتەوایەتی و شیعری گۆرانی و سروود. لە تەوەری چینایەتیدا شاعیر بەشیعرەکانی هانی جووتیاران و هەژارانی داوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمکاری ببنەوە، لە ڕاپەڕینی ١٩٥٣ی جووتیاراندا لە ناوچەی (کەندێناوە) و (مرکیە) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و بەشیعرەکانی داوای یەکگرتنی لە جووتیاران کردووە، چونکە یەکگرتن زامنی سەرکەوتنە.

لە شیعرێکیدا کە لە ١٥/١/١٩٥٣ بۆ ئەم مەبەستە نووسیویەتی دەڵێ:

ئەنجامی یەکبوون هەر سەرکەوتنە
ڕووڕەشی و نەمان بەشی دوژمنە
مژدەی بەیانیش ڕوون و دیارە
دوارۆژ سەرکەوتن هەر بۆ هەژارە

لە تەوەری نەتەوایەتیشدا مەدحەت بێخەو یەکێک بووە لە پێشەنگانی شیعری نەتەوایەتی، هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولەوە سروودی نیشتمانی و نەتەوایەتیی نووسیوە.

لە ڕووی نووسینی شیعری گۆرانیشەوە، یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەو بوارە و گەورە گۆرانیبێژانی وەک عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و ڕەسووڵ گەردی و فوئاد ئەحمەد لە ڕێگەی شیعرەکانی ئەوەوە ناوبانگیان پەیدا کرد، تا ئێستەیش گۆرانییەکانی (گیانی شیرین) و (غەریب غەریب) و (سڵاو بۆ تۆ یار)ی هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێنەوە.


شاعیر لە بواری نووسینی (ئۆپەرێت)دا دەستی باڵای هەبووە، لە ئۆپەرێتی (داستانی گەل)دا کە ساڵی (١٩٧٧) نووسیویەتی و هونەرمەند (واحید مەرجان) ئاوازی بۆ داناوە و هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) کاری دەرهێنانی بۆ کرد، لە فیستیڤاڵی پێشبڕکێی چالاکیی قوتابخانەکانی عێراق لە بەغدا بەشدار بوو و پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، ئۆپەرێتی (ڕووباری ژیان)یش ساڵی (١٩٧٨) لە هەمان فیستیڤاڵ لە کەرکووک نمایش کرا و پلەی دووەمی لەسەر ئاستی عێراق بەدەست هێنا.

بێخەوی شاعیر هەڵگری خەمی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بووە و شیعری بۆ نووسیون، بەتایبەت بۆ توێژی ئافرەتان، هەندێ لەوانەیش کراونەتە سروود، لەوانە ئەم شیعرەی خوارەوە کە بەدەنگی هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) کراوە بە سروود

ئافرەتە نیوەی گرنگی گەلان
باخچەی ئادەمیزادە لە جیهان
ئافرەت دارێکە بۆ بەرزی ژیان
دێنێتە بەرهەم ڕۆڵەی قارەمان

بێخەو زیاتر لە شەش بەرهەمی چاپکراوی هەیە و لە کۆبەرهەمێکدا بەناوی (دیوانی بێخەو) چاپی کردن، کە زۆرینەیان پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کراونەتەوە.


ئەو کە ئێستە تەمەنی (٩١) ساڵە؛ گوڕ و تینی بۆ خوێندنەوە و نووسین لە دەست نەداوە، وەک خۆی باسی کرد؛ بیرەوەرییەکانی ئامادەن بۆ چاپ، بەڵام بڕیاری داوە لە پێشدا کتێبی (شاهۆزی سیان) چاپ بکات، کە مێژووی هۆزی (سیان) و خەباتیان لە پێناو خاک و نیشتمانی خۆیان دەگێڕێتەوە. ●


((سروودی پێشمەرگە))
١٩٦١/١١/٢٠

ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین
نیشتمان ئازاد ئەکەین لە خوێنمژین
ئێمە کوردین نابەزین جەنگاوەرین
ئێمە (کورد)ین ڕابەرین تێکۆشەرین
گیان فیداکارین لە ڕێگەی میللەتا
قارەمانی ڕێی ژیان و شۆڕشین
دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ
[illegible]

نیشتمان خوێنی شەهیدانی ئەوێ
[illegible]
دەوری دیلی و ژێردەستی باوی نەما
ئەمڕۆ کاتی [illegible] و ڕاپەڕین
هێزی ئێمە کێوی پۆڵا و ئاگرە
خێڵی ناپاک قڕ دەکەین ئازاد ئەبین

(مەدحەت بێخەو)
٢٠١٢/٩/٢٦






سالم سەلمان کوبەچی

## گەڕەکی خانەقا

لەو ڕۆژانە بەناو کۆڵانی بەلوعەی گەڕەکی خانەقادا گوزەرێکم کرد، کۆمەڵێک یادگاریی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم هاتەوە بەرچاو، کەسایەتییە جوانەکانی ئەم شارەم هاتنەوە بیر، کە بەشێک لە ژیانی منداڵیم لەم کۆڵانە میللییەدا بەسەر بردووە.

بەڵام دیمەنی کرێت و زبڵخانەی ناوەندی شار دڵی پڕ کردم، خانووە ڕووخاو و وێرانبووەکان بوونەتە شوێنی سەگ، پشیلە و جرج، یان شوێنی حەوانەوەی کەسانی نامۆ، دەشڵێن شوێنی فرۆشتنی ماددەی قەدەغەکراویشە، بۆن بۆگەن گێژت دەکا.

ئەم دیمەنە نیشانەی بێخەمیی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، کە لایەک لەم دیمەنە ناکەنەوە و چارەسەری ناکەن.

لە کاتێکدا ئەم گەڕەکە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانیش، یەکێک بووە لە گەڕەکە جوان و پاک و خاوێنەکانی ئەم شارە، سەدان کەسایەتیی بەناوبانگ لەم گەڕەکە ژیاون، لە شاعیر و نووسەر و ئەکتەر و مۆسیقاژەن و دوکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی.

لە وڵاتان شوێنەوارە کولتوورییەکان دەپارێزرێن و بەجوانترین شێوە نۆژەن دەکرێنەوە، دەکرێن بەشوێنی کولتووری و توریستیی گرینگ، ئەم گەڕەکەش بەشێکە لە مێژووی جوانی ئەم شارە دێرینە.

وەک چۆن قەڵای هەولێر لەلایەن دەستەیەکی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێ و لەلایەن یونسکۆوە نۆژەن دەکرێتەوە، پێویستە بەهەمان شێوە لەلایەن خەڵکانی دڵسۆز و شارەزای ئەم شارەوە، خەمێک لە خانەقا بخورێ، بەم کارە هەڵسن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە شوێنێکی کولتووری و گەشتوگوزاریی چەندان کافتریا و چێشتخانە و هۆتێل و پارکی جوان، لەسەر شێوازە کۆنەکەی جارانی، دەبێتە شوێنی داهاتی سەدان گەنج و چەندان هەلی کار دەڕەخسێنێ، وەک مۆزەخانەیەکی کولتووری گەورەی لێ دێت، لە داهاتوودا بۆ سەردانیکردنی گەشتیاران و داهاتێکی زۆریشی دەبێت بۆ حکوومەت، بە مەرجێک لەسەر شێواز و کولتووری کۆنی خۆی دروست بکرێتەوە کە خاسیەتە گرینگەکانی سەردەمی کۆن لەدەست نەدات و تێدا ڕەنگ بداتەوە، ببێتە شوێنێکی گەشتیاری و کولتووریی گرینگ، شایستەی هەولێر و مێژووی قەڵا و منارە بێت.

# کە دڵ بەرەو هەولێر باڵی گرت



ئیبراهیم بن حاتەم

لەوێ هیچ ڕەگوڕیشەیەکم نییە، بەڵام کە لە بەهاری ٢٠١٨دا یەکەم جار سەردانی هەولێرم کرد، بەدوای شوێنێکی گەشتیاریدا نەدەگەڕام، زیاتر وێڵی هەستێک، دۆخێک، نۆستالژیایەک بووم.

دڵم پێش پاسپۆرت و جانتاکانم کەوتبوو، لە وڵاتی ئیماراتەوە، لە قۆمەتە لم و، زارە جیاوازەکانی دوورگەی عەرەبییەوە هاتبووم، ناخم برسیی خۆشەویستییەکی قووڵی خەڵک و کولتوورەکان بوو، ئەوەندە سەراسیمە بووم، بڕیم بە شارە ئاسایییەکان نەدەشکا.

هاوکات لەگەڵ جەژنەکانی نەورۆزدا هاتم، شار جمەی ئاهەنگی دەهات. بڵێسە لەسەر کێوان بەرز بوون، خەڵک بەجلوبەرگی ئاڵووالاوە هەڵدەپەڕین، دەتگوت تابلۆن یان لاپەڕەی داستانێکی تەواونەکراو.

بەرامەی مێژوو لە چاوەکان و لە پێکەنینی منداڵاندا بەدی دەکرا، لەو دەمەی زەردەخەنەکانیان بەسەر غەریباندا دەبەشییەوە. من لەوێ نامۆ نەبووم، لە یەکەم ساتەوە هەستم کرد یەکێکم لەوان و لەگەڵ ئەوان دەمگوت: «نەورۆز پیرۆز بێ».

لەو شەوەدا، چیاکانی دەوروبەری هەولێر دەتگوت پاسەوانی شارن نەک هەڵەت و کێو. لەو ئاگرانەم دەڕوانی کە لە ترۆپکان دەئایسان و تێگەییم ئەمە سرووتێکی کۆن و ئەفسانەیەکی زیندووە، کە لە جوگرافیا و ویژدانەکاندا ڕەگاژۆیە.

خەڵک بۆ ژیان دەسترین. تینی شادی، سەرەڕای مێژوویەکی تاڵ و، هەڵپەڕکێ سەرەڕای ئازار، وای کرد دیدگام بۆ چەمکی شکۆی مرۆڤایەتی بگۆڕم و هەست بکەم کاوە لە دڵی هەموو کوردێکدا دەژی.

لە بەروبازاڕی قەراتێ، لە قاوەخانەی «مەچکۆ» دانیشتم، لەوێ دیوارەکان دیرۆک دەگێڕنەوە و هەوا پڕە لە بۆنی مێژوو و چایەی کوردی.

لەوێ، لە ئارامیی ساتەکەدا، بۆ یەکەم جار دەنگی حەسەن زیرەکم بیست کە سروودی نەورۆزی دەچڕی. لە وشەکان تێنەدەگەیشتم، بەڵام هەستم پێ دەکردن. دەنگی ناسۆرێکی تێدا بوو بەخەمەکانی کەنداو دەچوو، سۆزێکی دەژەنی کە ڕاڤە ناکرێت.

سەرلەئێوارەیەکی ئارام، هاوڕێیەکی کورد بۆ ئاهەنگێکی میوزیک لە گۆشەیەکی ئارامی شارەکەدا بانگهێشتی کردم، دوور لە ژاوە ژاوی سەنتەرە بازرگانییەکان و ڕووناکیی تابلۆ نوێیەکان.

کە چووم بینیم شوێنێکی ساکار و گەرموگوڕە، دەتگوت کۆنە ماڵێکە بووەتە پەرستگەی دەنگ. لەسەر ڕایەخی سەرزەوی دانیشتین. ژەنیارەکان بە جلوبەرگی کوردەوارییەوە، ئامێرەکانیان لە ئامێز گرتبوو، وەک ئەو شاعیرەی یەکەم قەسیدەی خۆی لە باوەش دەگرێت.

ژەنین دەستی پێ کرد، ئامێرەکان دەستلەملان، لەوێدا میوزیک تەنیا چێژ نەبوو، بەڵکو زمانێکی خۆڕاگری کۆنینە بوو، لە ژێی ئامێرەکان و گەرووی سترانبێژەکاندا خۆی حەشار دابوو، لە باب و کالان بۆ زارۆڵە و نەوەکان ڕاگۆزرابوو.

لەو شەوەدا، تەنیا گۆرانی مایەی سەرسامیم نەبوو، لەوە داما بووم ئەم گەلە چۆن لەو جیهانە ئاڵۆزەدا میوزیکەکەی پاراستووە. کوڕێکی بیست ساڵەم بینی لە تەنیشت پیاوێکی حەفتا ساڵەوە بەهەمان سۆز دەفیان دەژەنی و هەریەکەیان بە ئاهەنگ و ڕەزمی ئەوی دی ئاشنا بوو. ڕەسەنایەتی دۆخێکی چەقبەستوو نەبوو، بەڵکو ژیانێک بوو پڕ لە جووڵە و لڤین. تەنانەت گۆرانییە تازەکانیش، یەکەم لەرەیان دەنگدانەوەی گۆرانییەکی ڕەسەن بوو. لەو جیهانی دەنگ و سەدایەدا، تازە و کۆن، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وتووێژیان بوو؛ گیتارێک لێرە، کەمانێک لەوێ دەیانچریکاند، بەڵام بەڕۆحێکی تەواو کوردانەوە، ڕەسەنایەتی و مۆدێرن هەردووک لە باوەشێکدا کۆ بووبوونەوە. لەو ساتەدا، هەستم کرد کە میوزیکی کوردی تەنیا ئاوازێکی ژەنراو نییە، بەڵکو بیرەوەرییەکە قوڵپ دەدات و سەرهەڵدەداتەوە. هەستم کرد کە منیش بێ ویستی خۆم بووم بە بەشێک لەو تانوپۆیەی گیانی خەڵک و دەنگەکانیان پێکەوە ڕایەڵ دەکات

دواتر، بەشیعرەکانی (فایەق بێکەس) ئاشنا بووم، لە وشەکانیدا کلیلی تێگەیشتنی ئەو خاکەم دۆزییەوە: خۆشەویستی، ناهومێدی، ئینتیما و ئازادی، هەموویان لە دێرە شیعرێکدا.

لە هەمان بازاڕدا، دەفتەرێکی بچووکم کڕی. بەرگەکەی دەستکار بوو، لاپەڕەکانیشی وەک کاغەزی کۆن زبر. بڕیارم دا ئەوەی ناتوانم بیڵێم لەوێدا تۆماری بکەم.

ئەو دیمەنانە، کەنینی پیرەمێردەکەی چای تێ دەکرد، تریەی هەنگاوەکانی سەر بەردان، بۆن و بەرامەی بەهارات کە لە دوکانێکەوە بۆ دوکانێکی دی بەدواتەوە بوو. ئەمانە تەنیا تێبینیی گەشتیاری نەبوون، بەڵکو هەولێک بوون بۆ ڕاگرتنی ساتێک، پێش ئەوەی تێپەڕێ.

لەو ساتەوە، گەشتەکەم لەگەڵ زمانی کوردی دەستی پێ کرد. لە پۆلدا فێری نەبووم، بەڵکو وشەکانم لەسەر زاری شۆفێرانی تاکسی، فرۆشیارانی بازاڕ و لە منداڵانی کۆڵانەکان دەقۆستەوە. «سوپاس» لە سوپاسگوزارییەک زیاتر بوو، «بەخێر بێی» لە پێشوازییەک پتر، پێی دەگوتی: «فەرموو، ئەمە ماڵی خۆتە».

پاشان نێرگز پەیدا بوو. ئەو گوڵەی لە یادگەمان بە ئەفسانەی نارسیس و بیرۆکەی خۆویستییەوە بەندە، لە هەولێر مانایەکی دی هەبوو. لە شەقامەکاندا دەفرۆشرا، دەبەخشرا، لە بەردەرگەکاندا دەچێنرا. هێمای بەهار، ڕووناکی، نوێبوونەوە بوو. چنوور نامیقی شاعیر گوتی: «هەرچەندە شکۆی نێرگز بە ئەفسانەیەک ڕووشاوە، بەڵام هێشتا لە دڵی گەلی کوردستاندا لەسەر تەختی گوڵان دانیشتووە“. منیش ئەوەم لە چاوەکاندا، لە شیعرەکاندا، لە دەستی کچۆڵەیەکدا بینی، کە بەبێ ئەوەی وشەیەک بڵێت چڵە نێرگزێکی دامێ.

ئەو کچۆڵەیە کراسێکی شینی ئاسمانیی لەبەردا بوو، بازنێکی پلاستیکی هەرزانی لە دەست بوو، بەڵام زەردەخەنەکەی لە هەموو شتێک بەهادارتر. کاتێک نێرگزەکەی دامێ، هەستم کرد شتێک لە ناخمدا تیمار دەبێتەوە. هیچی نەگوت، بەڵام ڕوانینەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی بڵێ «فەرموو، ئەم ڕووناکییە بۆ تۆ». لەو ساتەدا، هەستم کرد کە ئەم شوێنە تەنیا دیمەنێکی پێ نەبەخشیوم، بەڵکو لە چاکەی بێ مەرج وانەیەکی فێر کردم. وەک نێرگز، هەنار و حاجیلەش زمانی تایبەتیان هەبوو؛ زمانی زەوی و بیرەوەری. هەنار، تەنیا میوەیەک نەبوو لە بازاڕەکاندا، بەڵکو وەک لاوکێک بوو بەڕیتمی پیت و بەرەکەت و ئارامگری. بینیم وەک دڵێکی پێگەیشتوو لەسەر بەرماڵی گوندییەکان دانرابوو، شایەتحاڵی ڕێژەنی ئەو خاکە بوو کە هێشتا بێ مەرج دەبەخشێت.

حاجیلە، گوڵێکی کێویی بێ فیز بوو، کە وشک دەکراوە و وەک نوشتە بۆ ئارامی پێشکێش دەکرا. لە سپێتییەکەیدا بۆنی داپیران و لە چایەکەیدا گەرمیی باوەشی دایک. تەنیا گیایەک نەبوو، سرووتی حەسانەوە بوو، هێمایەک بۆ ئەو پاکی و خۆشەویستییەی لە یادگەی کورددا دەژی. لە لادێ و لە سەوزاییی کێوەکاندا، فۆلکلۆرم وەک ژیان ناسی نەک کولتوور. دەستکاریی چنراوم بینی، سەماکان پیرۆز بوون و چیرۆکەکان بەدەنگی پاڵەوانەکانیان دەگێڕدرانەوە. هەستم کرد ئەم خاکە دەستبەرداری مێژووی خۆی نەبووە. پێکەوەژیان تەنیا دروشم نەبوو، بەڵکو قووتی ڕۆژانە بوو، پێکەوەیی بوو لەسەر خوانی خۆشی و خەماندا.


ڕەنگە جوانترین شت لە فۆلکلۆردا وردەکارییەکان بێت. لە گۆرانییەکی کاتی دروێنە، لە هەلهەلەی داپیران، لە کوتراوی سەر دەستی ژنە جووتیارێک کە ئاماژە بەئەوینێکی لەبیرکراو دەکات. لەوێ ژیان لەسەر شانی دابونەریتە. تێگەیشتم کە کولتوور لە مۆزەخانەکاندا هەڵناواسرێت، بەڵکو هەموو ڕۆژێک لە گوند، لە بازاڕەکان، لە شین و شاییدا دەژی.


من لە سەکۆیەکی سیاسییەوە نانووسم و بە زمانی گەشتیارێکی سەرسام قسە ناکەم. ئەوەی لە هەولێر دیتم لە ئەزموونێک زیاتر بوو. دیدارێک بوو لە نێوان من و خاکێک کە دووبارە پێناسەی واتاکان دەکاتەوە

لەو شارەدا ئاوێنەیەکم دەست کەوت کە لێوەی لە ڕۆحی خۆم و ئەم ڕۆژهەڵاتە دەڕوانم. گوڵە نێرگزی دەست کیژۆڵەکە نیشانی دام، کە لەم جیهانەدا شوێنگەلێک هەن ئاوێتەی گیانی مرۆڤانەی ئێمەن، پێش ئەوەی ئێمە پێیان ئاشنا بین ئەوان ئێمە دەناسن

جوانترین شتی ئەو گەشتەم، ئەم هەستە ڕاستگۆیە بوو: پێویستت بەوە نییە کە لە شوێنێک بیت، تاکو ئینتیمات بۆی هەبێت.

هەولێر، پایەتەختی هەست و پەناگەی نۆستالژیا. ●





تابلۆی فانی بە فڵچەی هونەرمەندی کورد ژیلەمۆ

# فانی

# منەوەرە هەولێرییەکەی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە

مەریوان مەسعود

مەلا حوسێن شێخ سەعدی ناسراو بە فانی، شاعیر و زانا و پیاوی ئاینی، یەکێکە لەو منەوەرانەی هەولێر کە کەمترین قسەیان لە بارەوە کراوە و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

ئەم زاتە، کە هەندێک بە مەلا حوسێنی موفەسیر یان مەلا حوسێنی هەولێری ناوی دەبەن، نزیکەی ٩٠ ساڵ ژیاوە، هەمیشە قەڵەمەکەی بۆ خزمەتی گەلەکەی و ئاینەکەی تەرخان کردووە، یەکێک بووە لەو شاعیر و زانا بوێرانەی لە هەموو سەردەم و ڕووداوەکاندا قسەی خۆی هەبووە بە شیعر و وتار.

مەلا فانی یەکەم زانای کوردە کە ئاین و واتاکانی قورئانی بە کوردی تەفسیر کردووە و بۆ ئەمەش شانازییەکی گەورەی بەردەکەوێ، چونکە پێش ئەو کەس نەبووە بەم شێوە جوان و ئاسانە تەفسیر و مانای ئایەتەکان بکاتە کوردی. هەروەها لەو مەلا دەگمەنانەی کوردە کە لەسەر دەستی مەلا فەندیی هەولێری ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە و بووەتە مەلای دوانزە عیلم.

فانی، زۆر ئاگەداری دونیا بووە و هەمیشە خەڵکی لەبارەی ڕووداو و پێشهاتەکان ئاگەدار کردووەتەوە و بۆ نەگبەتیش، ژیان و تەمەنی کەوتووەتە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، لەناو هەموو کارەساتەکاندا ژیاوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٢دا مەلا حوسێنی فانی، لە سەرەتای گەرمبوونی جەنگی دووەم شیعرێکی کاریگەر دەنووسێ و ئاراستەی بەرپرسانی ئەو سەردەمەی میللەتی کوردی دەکا و دەڵێ:

وەرن ڕێک کەوین ئەی کوردی هەژا
بێ ترس بەردێک بۆ قەل چەند هەزار
لە پاش سەلاح و مزەفەرەدین
تا کەی زەبوون بین ژێر دەستی ئەغیا

ئەگەر دیقەت لەو دوو بەیتە شیعرە بدەن دەردەکەوێ (فانی) درکی بەوە کردووە کە کورد هەژارە و بێ پشت و پەنایە، بۆیە داوای ڕێککەوتن و یەک هەڵوێستیان لێ دەکات، نموونەش بەسەلاحەدینی ئەیوبی و سوڵتان مزەفەرەدین دێنێتەوە.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا فانی دەڵێت:

ئەی لاوی کورد ئیمڕۆ تاریکە
بەڵام ڕووناکە بۆ مەردی ناودا
ڕۆژی لێدانە بەرزی پێشکەوتن
یا شەهید بوونە بۆ نعم القرا
لە زوڵمی نامەرد با بچینە دەر
خوێنمان با بڕژێ لە ڕێی ئیفتیخا

فانی، لەم کۆپلەیەشدا، جارێکی دیکە هانی گەنجان و لاوانی کورد دەدات کە نەترسن و بەڵێ ئێستە (تاریک)ە، بەڵام بە تێکۆشان و قوربانیدان (ڕووناکی) چاوەڕوانمانە، بۆیە ڕاشکاوانە دەبێژێ با خوێنمان بڕژێ لە ڕێی ئیفتیخار. فانی، دیارە لە ئاگری جەنگەکە زۆر دڵنیایە، کە دنیا خراپ دەبێت و کوردیش تێوە دەگلێ، بۆیە لە کۆتاییی شیعرەکەیدا، ڕوو دەکاتە سەرکردەکانی ئەو کاتی کورد و دەبێژێ:

ڕەئیسانی کورد وەڵام بنێرن
بۆ لای یەکتری لە یەک ئاگادا
خۆتان دەزانن هەموو نەهەنگین
لە دەریای شەڕی ڕۆژی توند و تا
فائیدی ئێمە لە ئیتیفاقە ●

عەبدولباسیت فەرهادی



## لەوەش لە پێش بەغداین

ساڵی ١٩٨٤ وەک لێکۆڵەرەوەی دادی گواسترامەوە بنکەی پۆلیسی تەیراوە، کە ئەوکات لە پشت چایخانەی کورد و عەرەب بوو، لە حاڵەتێکی خۆسووتاندنی ئافرەتێک ئاگەدار کراینەوە، کە ئەو کات لەو بنکەیە حاڵەتی وا زۆر بوو.

لەگەڵ مفەوەزێک و چەند پۆلیسێک چووینە بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی کۆماری کە ئێستە بووەتە کۆلێژی ددانسازی و نەخۆشییە دەروونییەکان.

یەکەم جارم بوو بچمە قاوشی سووتاوەکان کە هەشت نۆ قەرەوێلەی لێ بوو، زۆربەیان قەفەسێکی ئاسنینیان لەسەر بوو، بەتانی یا پارچە چەرچەفێکیان پێدا درابوو، سووتاوەکە لەژێر قەفەسەکە ناڵە ناڵی بوو، یا بێدەنگ ئازاری دەکێشا.

ناوی نەخۆشەکەمان پرسی و چووینە لای، پیرەژنێکی تەمەن حەفتاوپێنج ساڵی بوو، بە نەفت خۆی سووتاند بوو، بەڕێژەی ٧٠٪ جەستەی سووتا بوو، کە چاوی هەڵێنا مفەوەزی بینی، بە نوزە نوز گوتی "قوربانت بم مفەوەز فلان، هەقم نەفەوتێنی، ئەوان چەندت دەدەنێ، ئەمن دوو ئەوەندەت دەدەمێ، بەس هەقی من نەفەوتێنی"، پیرەژنی سووتاو منی نەدەناسی، بۆیە مفەوەز خۆی لێ تووڕە کرد و گوتی "وس بە، ئەوە وەکیلی حاکمیە، کو قسەی وەها دەکەی".

کە وتەکانی پیرەژنم وەرگرت و پرسیارم لێ کرد لەسەر چی خۆی سوتاندووە، زانیم ئەم ژنی یەکەمی مێردەکەیتی، تەمەنی مێردەکەی هەشتا و سێ ساڵ بوو و ژنی چوارەمی هێنابوو، تەمەنی بووکە نوێیەکە شازدە ساڵ بوو. پیرەژن دەیگوت "هەوێیە نوێیەکەم لەگەڵ منداڵی نەوەکانم لە کۆڵانێ مۆریانێی دەکرد کە مێردەکەم مەراقی لێ دا و بەپارەکی زۆر هینای، لەو ڕۆژەوە سەردانی ئێمە ناکا و لەپێش ئەو منداڵەی هەزار و یەک قسەی ساردم پێ دەڵێ، منیش لە داخان دەبە نەوتێکم بەخۆم داکرد و خۆم سووتاند، نەمدەزانی سووتان ئەوها ناخۆش و بەئازارە، زۆر پەشیمانم"

ئەو کات هیچ ڕێککارێک لەگەڵ مێردەکەی نەکرا، کە هۆکاری خۆسووتاندنی ژنەکەی بوو، کە تا ئێستەش بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، لە بەشەکانی دیکەی عێراق هۆکاری خۆکوژی لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، لە ٢٠٠٤ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٤٢ی دەرکرد و مادەی (٤٠٨)ی ڕاگرت و سزای بۆ ئەو کەسانە دانا کە هۆکار و پاڵنەرن بۆ خۆکوشتنی هەر کەسێکی دی.

لەو ڕۆژەوە بەپێی داتاکان، حاڵەتەکانی پەنابردنە بەر خۆسووتاندن و خۆکوشتن زۆر کەمترە و هەرێمی کوردستان کارێکی چاکی کردووە.

پڕۆفایل

# حەکایەتی کوران و ماڵە کوێتییەکان



وێنە: عومەر کەریم

**یەکێ لە گەڕەکە کۆنەکانە، شێوەیەکی لاکێشەییی هەیە، لە باکوری شەقامی ٦٠ مەترییە و بەلای شەقامی مەخموورەوە درێژ دەبێتەوە تا کارگەی ڕستن و چنین، تخوبی لەگەڵ زانیاری و ئازادییە، لای باشووریشی گەڕەکی نەسیجە لە ڕۆژئاواشی شەقامی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی جارانە، شەقامی ئەلبانیش بەناوەڕاستیدا تێ دەپەڕێت، لە هەشتاکان بەفەرمی ناوی لە کورانەوە گۆڕا بۆ ڕزگاری.**

حوسێن عەبدولڕەحمان

جەوهەر عەولا سارمەمی لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایک بووە، پاش ئەوەی گوند بەجێ دێڵن، یەکەم وێستگەی شارنشینی، گەڕەکی کوران دەبێت، ئەو کات تەمەنی هەژدە ساڵ بووە.

ئەو پیاوێکی بە گفتولفتە، هەگبەی ژیانی پڕە لە چیرۆک و بیرەوەری، بەشێکی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و باسی سەرەتای دروستبوونی کوران دەکات و دەڵێ "وەکی ئەمە هاتین ئێرە دەشت بوو، بەس چەند مارەکی لێ بوو، ئەو عاردانە هی دووسێ مەلاک بوون، یەکەک لەوان ئەحمەد چەلەبی بوو، وەکیلەکی هەبوو بە ناوی حاجی عەنتەر، بابم لەگەر سمایل دەروێش ٣٠٠ مەتر عەردیان لێ کڕی، وە دەزانم دونێیە یەک مەتر عەردیان بە حەفت درهەمی دا مە".

جەوهەر و ساڵحی برای خشتیان دەبڕی، وەستا ئەحمەد شێخانیش بە ڕۆژانەی نیو دینار ئیشی بۆ دەکردن و دەڵێ "بە سێ ڕۆژان خانییەکەی مەی دارە ڕێ کرد و قوڕمان لەسەری خانی کرد، خەرک ئەو کات فەقیر بوون".

لە سەردەمی پاشایەتی و لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەست بە دروستکردنی خانووەکانی گەڕەکی کوران کرا، ئەو کات سیمای لە گوندێک دەچوو، زۆربەی خانووەکانی بە قوڕ و خشت دروست کرابوون، بە شەقرە و کاریتە سەریان گیرابوو، تەنها چەند خانووێک لە کەرپووچ دروست کرابوون، هەبوو سەریان بە چیمەنتۆ گیرا بوو، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکتری نزیک بوون، خزم و ناسیاو ئاشنای یەکتر بوون، لە گوندەکانی دەشتی هەولێرەوە هاتبوون، لە مرکیە و کەندێناوە، لە قەراج و مەخموورەوە هاتبوون، کۆمەڵە ماڵێکیش پاش ئەوەی گڵکەند کرا بە باخچە، ئەوێندەریان چۆڵ کرد و ڕوویان لە کوران کرد.

جەوهەر عەولا باسی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەو ماڵانە دەکات کە سەرەتا لە کوران خانوویان دروست کردووە و لە بیری ماوە کە ماڵی سەید کاکۆی سەید ڕەسووڵی گۆسکەی ڕیزە ماڵێک ماڵی سەید گوریش لەگەڵ کۆمەڵە ماڵێک کە لە گڵکەند هاتبوون، دەڵێ "پاش ئینقیلابی ١٩٦٣ حەرەس قەومی دەگەڕان، خەرکەکی زۆر لە ترسان گوندیان بەجێ هێشت، ڕوویان لە کوران کرد، خاسەتەن گوندەکانی دەشتی قەراج و کەندێناوەی هاتنە کوران، کۆمەرەک عایلەی دیار بوون، لەوانە ماری کێخوا حسێنی، ماری مەلا عەولای شێخ شەروانی

لە هەشتاکان ناوی کوران گۆڕدرا بۆ ڕزگاری، بەڵام جەوهەر عەولا پێی وایە ناوی ڕاستەقینەی کوران، سەربەستی بووە و دەڵێ "بیدایەت ناوی کوران نەبوو، جاران پێیان دەگۆت سەربەستی، هەتا لەسەر نفوسەکەشم نووسرابوو (هەولێر – سەربەستی)، دوایێ کرایە کوران، ئەو ناوەش لەوەی هاتبوو کۆمەرەک کورەی لێ بوو کەرپووچیان دروست دەکرد".

کۆمەڵە ماڵێک هەبوون لە کوران بەکوێتییەکان دەناسران، کە ناوی ئەوان هات، حاجیە هەدیە مەولوود خێزانی جەوهەر عەولا هاتە ناو باسەکە و زانیاریی زیاتری خستە سەر قسەکانی پیاوەکەی و بەپێکەنینەوە گوتی "با ئەمن باسی مارە کوێتییەکانت لۆ بگێڕمەوە، ئەو مارانە کوردی خۆمان بوون، بەس پیاوەکانیان لە کوێت ئیشیان دەکرد، ژنەکانیشیان لە کوران بوون، هەر مارەک ٢٠٠ مەتر عەردیان کردبووە خانی، وەکی ئی مە قوڕ نەبوو، ئەوان خانییەکانیان کەرپووچ بوو، سەریشی سەب بوو، زڕووفیان خۆشتر بوو، ئەو کاتی قەمەرە درێژەکانیان هەبوو، خەرک پێیان عەنتیکە بوو"، جەوهەر عەولا قسەکەی بۆ تەواو کرد و گوتی "ئەوە مەخسەدی شۆفرلێت کەدیلاکی مۆدیل ٥٦ و ٥٧ ە".

> **کۆرانەکانی کوران بەناوی کەسایەتییەکان مەشهور بوون**

خاتوو هەدیە مەولوود باسی بازاڕی جارانی کورانیشی کرد کە چەند دوکانێکی قووڕ هەبوون، لەوانەش شێمە بندیان و خدر قەساب و عەزیز پیرە مەڕ گۆشتیان دەفرۆشت، دوکانی جەلالی هەبوو تەڕەی دەفرۆشت، مام خارندیش دوکانەکی نەجاڕی هەبوو دەرکەی دروست دەکرد، دەشلێ "لە هەمووی ناخۆشتر دەبوایە بە پۆتینی بچی لۆ شت کڕینێ، قوڕاو بوو، بێ پۆتین لێی دەرنەدەچووی".

هاشم پیربال لە حەفتاکانی تەمەنی دایە، لەگەڵ بەشێک لە ناودارەکانی کوران هاوڕێ و هاوسەردەم بووە، دەڵێ کوران تژی کەسایەتیی ناودارە، وەک عەبدولخالق مەعرووف، شێرزاد حەسەن، سەید گوور، پیرداود مەخمووری، عەبدولڕەحمان بێلاف، دارا محەمەد عەلی، نازم دڵبەند، ئازاد خەمە، سەعدی عەلی، ئەنوەر شێخانی و قاسم نووری.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کوران ئەوەیە بەشێکی زۆری کۆڵانەکان ناوی خۆیان هەیە، عەبدولکەریم حەسەن زیاتر لە نیو سەدەیە لە کوران دەژی، دەڵێ "هەر لە ئەوەلیەوە کۆڕانەکانی کوران ئەوها مەشهور بووینە کە هەریەکە و بە کەسایەتییەک یان شتەکی ناسرایتەوە، لەوانە کۆڕانی پیستەی، کۆڕانی بەلوعەی، کۆڕانی مەعمەل بەفری، کۆڕانی گەنمی، کۆڕانی شێمەی قەساب و محەمەد قاقزچی، کۆڕانی ئاشی و مزگەفتی حاجی زایەری".

ئەو ناوانە سەرەتا لەلایەن خەڵکەوە بۆ پێزانینی کۆڵانەکان بەکار دەهاتن، ئێستەش بوون بە مۆرک و تا ئەو ناوانە نەڵێی کەس پێیان نازانێتەوە.

---

## زامداریات



ئیسماعیل بەرزنجی

## شەوە تووشەکە

ئەو شەوە لە یانەی حقوقین دانیشتبووین، مێزەکە قەرەباڵغ بوو، ناوی هەندێکیانم بیر نەماوە، زامدار دیار نەبوو، گوتیان خزمێکیان مردووە و چووەتە سەر قەبران، فیکرەت گوتی:

– جا زامدار، باوەڕی بەو مەسەلانە هەیە؟ با بێت بزانن چۆن تەنگاوی دەکەم.

لەپڕ زامدار پەیدا بوو، بە هانکە هانک چووە سەر کورسییەکە، بورهان پرسی:

– مامۆستا خێر بوو؟

گوتی:

خێری چی و تەڕەپیازی چی پاڵتوو، گیزەرەکەمان ئیشی نەدەکرد، وەستایەکی قرپن سێ سەعات چاندمی.

فیکرەت هەڵی دایە:

– کاکە نەمگوت زامدار ناچێتە سەر قەبران و موناسەباتی ئەوها.

زامدار وەرامی دایەوە:

– سەر قەبرانی چی بارگۆ، خەریکی گیزەر بووم.

جانتا گچکەکەی کردەوە، سەلکە پیازێکی دەرهێنا و بانگی بۆیەکەی کرد:

– شیشێک گۆشت و ئەو پیازەشم لەگەڵ تەماتە بۆ ببرژێنە.

ئینجا خەفتەکەی گرتەوە، دوو جار شووشەکەی بۆن کرد و سەیری هەمووانی کرد و گوتی: پەرپۆ.

فیکرەت ویستی زامدار بورووژێنێت، گوتی:

– کاکە ئەتو بابایەکی عەبەسی، چت داوە لە گیزەر!

زامدار وەرامی داوە:

فلتوون، ماڵیش جار جار دەیەوێت.

فیکرەت گوتی:

– کاکە ئەو گیزەرە هەموو شتێکی تێک دا.

زامدار بە زمانە تایبەتییەکەی گوتی:

– یا ئیلاهەل عالەمون، گیزەری من چ پەیوەندیی بە ئێوە هەیە؟

خامۆشییەک باڵی بەسەر مێزەکەدا کێشا، لەپڕ یەکێک دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، زامدار هەستی کرد تازە ناتوانێت مێزەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەویش تێی چریکاند:

– امنت بالله، یا الهی کم انا مشتاقه لرویه الغجر.

یەک دوو ڕۆژ بوو، مەفرەزە لە جادەکان ڕادەوەستان، بەتایبەتی بە شەوان، من فیرار بووم، یا دەبوایە بە پێ بچمەوە یان لەگەڵ جەماعەت، بە فیکرەتم گوت:

– پێناچێت ئەو شەوە لای زامدار خۆش بێت چونکە مناقەشەی تێدا نییە.

ورده ورده مێزەکە چۆڵ دەبوو، من و فیکرەت و جیهانبەخش کۆیی سواری ترومبێلەکەی بورهان بووین، هیچ مەفرەزەیەکمان نەبینی، لەپڕ گوێمان لە هاوارێک بوو، ئینجا دەستڕێژی گوللەی بەدوادا هات، بورهان یەکسەر لایدایە کۆڵانەکەی تەنیشت هوتێل هێرش، مەفرەزەکە گەیشتە سەرمان و بەرەو سەرا ڕاپێچیان کردین، لە ڕێگە فیکرەت ویستی زیاتر زامدار بورووژێنێت، گوتی

– جارێ گەرماوگەرمە بەخوای گوللەمان بەرکەوتووە.

ئەو شەوە حاکم حاجی خەفەر بوو، پیاوێکی باش و هەموومانی دەناسی، ماوەیەک سەیری کردین و زانی لە چ وەزعێک داین، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– ئێوە ناسراون، عەفوتان دەکەین.

سوپاسی حاکم حاجیمان کرد، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، لە ڕێگە فیکرەت گوتی: ئەمە هەموو موخەلەفاتی گیزەرەکە بوو.

زامدار بە چاوی خومارەوە سەیری کرد و گوتی:

– بەڵێ محامیەها... قانوونەها... گوللەها!!!







# نموونەی شەهیدی زیندوو

گڵکەند

لە ئاوارەیی هەواڵی شەهیدبوونی مێردەکەی پێ دەگات، بەر لەوەش بەهۆی تەقینی بۆمبەوە دوو کوڕی گیان لەدەست دەدەن، هەشت کوڕی دیکەشی لە تەمەنی یەک ڕۆژە تا سێ ساڵی بەهۆکاری جیاجیا گیان لەدەست دەدەن، دایە ڕابی ئێستە بووەتە نموونەی ژنانی سەرمەشقی کورد کە خەباتیان لە پێناو گەلەکەیان کرد.

ڕابی قادر، ناسراو بە دایە ڕابی، تەمەنی نزیکەی نەوەت ساڵە، خەڵکی قەزای ڕەواندزی سنووری ئیدارەی سۆرانە، لەگەڵ تاڵە سپییەکانی پرچی هێشتا ژنێکی بەژن بەرزی خۆڕاگرە، جلە کوردییەکانیشی کە دەستووری ڕەواندزییانە، هێشتا لەبەریدا وەکو ناسنامە زیندووە.

ئەو بیری نایە ساڵی چەند شووی کردووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت تەمەنی لە خوار بیست ساڵ بووە، منداڵی نۆبەرەی لەدایکبووی ١٩٥٦ە، کاتێک شووی کردووە، هاوسەرەکەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە.

دایە ڕابی چیرۆکی نەهامەتییەکانی ژیانی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ «ساری شێستەکان لە گوندی نەخۆ لە بنەکاولی دوو کوڕم وەبەر بۆمبارانی کەوتن هەردووک پارچە پارچە بوون، جەرگم سۆتا، هەشت کوڕی دیشم بە ساوایی لە هەراتنێ و سەرمایێ مردن، زۆرم نەخۆشی دیتییە، ڕەبی ئەوەی ئەمن دیتییە کەس نەبینی یاخوە«

نەهامەتییەکانی دایە ڕابی هەر بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو دوای شۆڕشی ئەیلوول، ئاوارەی ئێران دەبن، لەم بارەوە دەگێڕێتەوە "وەکی شۆڕش نەما، خەرک هەموو ڕووی لە ئێرانێ کرد، ئەمنیش هەستام هەندە پڕێسکە و مرێسکەم پێچاوە و مندارم وەپێشەخۆ دا و چوومە بنەکاولی، شەوێ گەیشتینێ، چوومە مارە ناسیارەکی گوتم زۆرن برسییە مندار چییان نەخواردییە، نانیان داینێ و دوو کەریشیان لۆ پەیا کردین لۆ وەی پێیان برۆینە ئەودیوی، لۆ سبەینێ بەخۆ و بە پێنج مندارانەوە وەڕێ کەوتین، لە دۆری ئاکۆیان تەیارەی حکوومەتی عێراقی قەسفی ئەکرد، ئەمەش خۆن مات کرد هەتا تەیارە ڕۆیشتن، پاشی هەینێ وەڕێ کەوتینۆ هەتا گەیشتینە پردی حافیزی، لەوێ بەجێبی ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ئێرانێ».


حوسێن مستەفا نووسەری کتێبی دایە ڕابی و دایکی

ئەو ژنە ڕەواندزییە باسی دوا دیداری خۆی و هاوسەرەکەی دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە دوای گەیشتنیان بۆ ئێران و گیرسانەوەیان لە ئۆردوگای بەهرامی سەر بەپارێزگەی خوزستان، هاوسەرەکەی سەردانیان دەکات و هەشت ڕۆژ لەلایان دەمێنێتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان ساڵی ١٩٧٥ لە شەڕێکدا خۆی و دوو پێشمەرگەی دیکە لە گوندی بەرسرینی سنووری قەزای ڕەواندز شەهید دەبن.

خەم و ناسۆری یەخەی دایە ڕابی بەرنادات، لە ئاوارەیی و بێ کەسیدا هەواڵی شەهیدبوونی هاوسەرەکەی پێ دەگات، چەند چرکەیەک لە قسەکردن دەوەستێ و چاوەکانی وەکو گۆمی مەنگیان لێ دێت، دەست بە


شەهید مستەفا بنەکاولی

قسان دەکاتەوە "لە ئۆردوگای ماری مامم و خەسوو و خەزووریشم دەگەدا بوون، ڕۆژەکی دوو زەلام هاتن پرسیاری مامیان لێ کردم، گۆتم لێرە نییە، هێوارێ هاتنەوە، ژانەسەرم بوو، درم گەلە توند بوو، نزانم لۆ وا بووم، لەگەر مامم قسەیان دەکرد، ئەمنیش لە پەنجەرەی تەماشام دەکردن، کە زەلامەکان ڕۆیشتن مامم و مامۆژنم بەدزی لە بەینی خۆیان قسەیانە کردن، لێیان چوومە پێشێ گۆتم ئەوە چ بووە لە منی ئەشارنەوە، مامم گۆتی وەڵا قورتا وەسەر سەری بووە، سێ ڕۆژە مستەفایا شەهید بووە، خەزووریشم پاشی سێ مانگان لە خەفەتان وەزگی دا و لەوێ مرد، خزم و کەسیش مەیتی مستەفایان هێنا بۆوە گوندی شاردبوویانەوە".

دایە ڕابی کە نموونەی شەهیدێکی زیندووە، ژیانی لە ئاوارەیی بەردەوام دەبێت، وەک خۆی باسی دەکات دوای زیاتر لە ساڵێک مانەوەیان لە ئێران، دەگەڕێنەوە کوردستان، بەڵام حکوومەتی ئەوسای عێراق ڕێگەیان نادات بگەڕێنەوە گوند، بەڵکو هەر لە سنووری نێوان (عێراق — ئێران)ەوە دەیانگوازێتەوە بۆ پارێزگەی ڕومادی خوارووی عێراق، نزیکەی حەفت مانگ لەو پارێزگەیە دەمێننەوە، دواتر لە ڕێگەی چەند ناسیاوێکیان کە دانیشتووی شاری بەغدا دەبن، هەوڵیان بۆ دەدەن بیانگەڕێننەوە زێدی خۆیان، هەوڵەکانیان سەرکەوتوو دەبێت و دایە ڕابی و منداڵ و ئەو خزمانەی کە لەگەڵی بوون، دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لە ڕەواندز.

دوای گەڕانەوەیان بۆ گوندی بنەکاول، دایە ڕابی بۆ ئەوەی منداڵەکانی بە سەربەرزی پەروەردە بکات و قۆناغەکانی خوێندن بەسەرکەوتوویی تەواو بکەن، دەست دەکات بەکارکردن، لە یەک کاتدا دەبێتە دایک و باوک بۆ منداڵەکانی، ئەو دەڵێ "نانمە کرد لۆ عالەمێ، تەونم ئەکرد، گۆریە و بەڕ و کراومە دروستە کردن، مەسروفی مندارەکانم پەیا ئەکرد، هەر کوی هەبوو ڕانەوەستام هەتا مندارم گەورە کردن و لە خەم چوونە دەرێ، باش بوو خوێندنیان خڵاس کرد، ئەوە چەند سارەکە لۆ خۆ حەسایمەوە، بەس ئەوەندەم نەخۆشی دیتییە، پێم نەخۆشە مندارم لێ دوور بن، ئەترسم خوانەکا جارەکی دی جەرگم بسۆتێتەوە". ●

# یەکەم وەرگێڕانی قورئان لە هەولێر

حەیدەر عەبدوڵڵا

کتێبی «ژیانی ئینسان» یەکێکە لە بەرهەمە ئاینی و فەرهەنگییە گرینگەکانی کورد، کە بریتییە لە وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی)، بەر لە ٩٢ ساڵ چاپ کراوە. ئەم کتێبە لە قۆناغێکی سەرەتای گەشەکردنی چاپەمەنی و نووسینی کوردیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە. بەپێی بەدواداچوونەکان، ئەمە بە یەکەم وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی دادەنرێت.

**نووسەر و ناوەڕۆک:**

نووسەری ئەم وەرگێڕانە شێخ مەلا حسێن ئەربیلی دزەییە، ناوەڕۆکی کتێبەکە، بریتییە لە وەرگێڕانی ئایەتەکانی قورئان بە زمانی کوردی. بۆ سەردەمی خۆی کارێکی گەورە و پڕ بایەخ بووە.

**ساڵ و شوێنی چاپ:**

کتێبی «ژیانی ئینسان» بۆ یەکەم جار (چاپی یەکەم) لە ساڵی ١٩٣٣ی زاینی، لە شاری بەغدا و لە چاپخانەی «نجاح» چاپ کراوە، وەک لە لاپەڕەی زانیارییەکانی چاپکردندا ئاماژەی پێ کراوە. نرخی کتێبەکە لەو سەردەمەدا ٥٠ فلس بووە.

**پشتگیریی چاپ:**

چاپکردنی ئەم بەرهەمە بەنرخە بەپشتگیری و خەرجیی کۆمەڵێک کەسایەتی و ناوداری کورد ئەنجام دراوە، گرینگترینیان بریتین لە:

جەنابی شێخ مەحموودی حەفید مەلیکی کوردستان

جەنابی حاجی شێخ قادر

پیاوماقووڵانی عەشیرەتی دزەیی

جەنابی خدر بەگی کوڕی حاجی ئەحمەد پاشا

جەنابی حەسەن ئاغای کوڕی حاجی مەلا محەمەد ئاغا

حاجی شێخ عوسمان ئاغازادە

جەنابی حاجی ئەمین ئاغ

ئەمە نیشانەی بایەخ و پشتگیریی کۆمەڵایەتی بووە بۆ ئەم کارە ئاینی و فەرهەنگییە لەو سەردەمەدا.

**پێشکێشکردن بە مومتاز حەیدەری:**


ئەو دانە تایبەتەی کتێبەکە کە وێنەکانی گیراوە، دیارییەکە پێشکێش بە مومتاز حەیدەری کراوە. لەسەر بەرگی ناوەوەی کتێبەکە بە دەستخەتی وەرگێڕ نووسراوە: «هدیة المؤلف للاخ الاعز حضرت ممتاز الحيدري المحترم"، مێژووی پێشکێشکردنەکەش بۆ ساڵی ١٩٧٢ی زاینی دەگەڕێتەوە. واژووی نووسەر (مەلا حسێن)یش لە ژێرەوەی نووسراوەکەدا هەیە.

**گرینگیی کتێبەکە:**

«ژیانی ئینسان» وەک یەکێک لە وەرگێڕانە هەرە سەرەتاییەکانی قورئان بە زمانی کوردی، نەک هەر لە بواری ئاینیدا گرینگە، بەڵکو لە ڕووی مێژووی زمانی کوردی و پەرەسەندنی نووسین و چاپەمەنیی کوردیشەوە بایەخێکی زۆری هەیە. ئەم کتێبە بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر هەوڵ و کۆششی زانایانی کورد بۆ خزمەتکردنی زمان و ئاین.

**نموونەی وەرگێڕانەکە وەک خۆی:**

« (بسم الله الرحمن الرحيم ) دەخوێنم بە ناوی خدایی بخشندەی رەحمبەر (الحمد لله رب العالمين ) وصف بە چاکەی اختیاری بۆ خدایە کە بە خیوکەری هەمو مخلوقاتە لە انسان و جن و ملائکە وحیوانات. (الرحمن الرحيم) احسان کنندەیە بو لائق احسان (مالک يوم الدين) خیوي روژی جزایە کە روژی قیامتە ( اياک نعبد) تەنیا تو دەپەرستین (واياک نستعين) تە نیا یاریدە لە تو دەخوازین (بو پی ویستی دنیا و قیامتمان) (اهدنا الصراط المستقيم) نیشانمان بدە ریگای راست معنی رامان بگرە لە سر دین اسلام) (صراط الذين أنعمت عليهم) ریکاي او کسانەی انعامت لەسر کردونە بە هدایت (کە ایمان دارەکانن) (غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ) کە غیر غضب لی گیراوەکانن کە قەومی جولەکەیە) (ولا الضالين) وە غیرە ریکا بزرکەرەکانن ( کە نصارانە)». ●



# حاکم ڕەشید

## سێ ساڵ لە نوگرە سەلمان و ساڵێک لە کەرکووک

**عەبدولباسیت فەرهادی**

ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی تەعجیل، یەکەم کوڕی عەبدولقادر سەلیم حەماوی لەدایک بوو، ناویان نا ڕەشید، گەنجێکی جوان و بە ویقار، بەژن و باڵا کەڵەگەتی لێ دەرچوو.

لە کاتی لاویدا کە قوتابی بوو لە ناوەندیی هەولێر و دواتر لە دواناوەندیی هەولێر، لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکە بەسەرپەرشتیی ساڵح حەیدەری یەکەم شانەی چەپیان لە هەولێر دروست کرد. دواتر کە پارتی هیوا دامەزرا، ڕەشید عەبدولقادر بووە ئەندامێکی چالاک و لە خوێندنیش بەرەوپێش دەچوو، ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی (ئەلحقوق ئەلعێراقییە)ی لە بەغدا تەواو کرد.

دیارە ئەو کاتەی قوتابیی کۆلێژی حقوق بووە لە بەغدا، بەشدار بووە لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و یەکێکە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی.

لە کتێبە مێژووییە هاوچەرخەکان ناوی ڕەشید عەبدولقادر هاتووە و سەرۆک مەسعود بارزانی لە (البارزاني و حركة التحرير الكوردية) ناوی هێناوە.

لەو کاتەی قوتابی بووە و دواتر ماوەی چەند ساڵێک کاری پارێزەرایەتیی کردووە، لەسەر هەڵوێستی کوردانەی، ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانە بەدناوەکەی (نوگرە سەلمان) گیراوە کە نەک بەندیخانە، بەڵکو بەهۆی دووری و شوێنە چۆڵ و دوور لە شارانی، بووبووە (مەنفا).

ڕەشید عەبدولقادر گەنجە جوانەکەی هەولێر لەو ناز و نیعمەتەی تێیدا بوو کە لە خانەوادەیەکی خواپێداو بوون، سێ ساڵ تۆز و گەردەلوولی بیابانی لە نوگرە سەلمان هەڵمشت.

دواتر ساڵی ١٩٥٨ بە دادوەر دامەزرا لە دوبس، لەوێ تۆرانییەکان دژایەتییەکی زۆریان کرد. ساڵی ١٩٥٩ دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت و مانەوەی بۆ ماوەیەک لە بەغدا، بارزانییەکان بە شەمەندەفەر گەڕانەوە بۆ هەولێر، مەلا مستەفا بارزانی و پاسەوانەکانی و کاک سادقی برازای بەترومبێل لە بەغدا بەرەو هەولێر هاتنەوە، لە دوبس سەردانی حاکم ڕەشیدیان کرد.

دوای ماوەیەک، تۆرانییەکان ئەو میواندارییەیان قۆستەوە و سکاڵایان لە دژی کرد و بەهۆی ئەوە، حاکم ڕەشید ساڵی ١٩٥٩ بۆ ماوەی ساڵێک لە کەرکووک گیرا، کە ئازاد کرا، گواسترایەوە بۆ دادگەی حیللە، دواتر بۆ خانەقین و لەوێشەوە بۆ دادگەی کۆیە، پاشان دادگەی هەولێر و لە هەولێریشەوە بۆ دادگەی دهۆک، جارێکی دی وەک سەرۆکی دادگەی تێهەڵچوونەوە هاتەوە هەولێر و لە ٣٠/٦/١٩٨٨ خانەنشین کرا.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کە دەزگاکانی حکوومەتی ئەوسای عێراق لە هەرێمی کوردستان کشانەوە، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە بەردەوامبوونی دادگەکان. کاتێ دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا، وەک یەکەم سەرۆکی دادگەکە دەستبەکار بوو تا ٢٠٠٤ و دووبارە خانەنشین کرایەوە


لە ماوەی سەرۆکایەتیی دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، بەگرینگترین فلتەر و پارێزەری ڕەوشی دادوەری دادەنرێ کە خودی خۆی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و وردبینی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرد کە بۆ بوونە دادوەر لەلایەن دەسەڵاتداران دەپاڵێوران و زۆر کەسیان لەو پارزونگ و فلتەرە دەرنەدەچوون.

ئەوانەی دەرچووبان، حاکم ڕەشید خۆی تاقی دەکردنەوە و پرسیاری لێ دەکردن. بە خۆشحاڵی دەڵێم خۆم یەکێک بووم لەو دادوەرانەی ڕەزامەندیی حاکم ڕەشیدم وەرگرت.

ئەو کاتەی سەرۆکی دادگەی پێداچوونەوە بوو، هێشتا دەسەڵاتی دادوەری جیا نەکرابووەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادگەکان لە ڕووی کارگێڕی سەر بەوەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان بوون. ئەوکات پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان نەبوو بۆ پێگەیاندنی دادوەران و بەهۆی کەمیی ژمارەی دادوەر بەتایبەتی پلە یەک و دوو، سەرۆکایەتیی دادگەی پێداچوونەوە بەنووسراو داوایان لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو کات کردبوو چەند پارێزەرێکی زیرەک و بەئەزموونیان بۆ دەستنیشان بکەن تا تاقیکردنەوەیان بۆ دانێن و دەدەین.

دیارە ئەو کات لە میواندارییەکە داوای لە حاکم ڕەشید و ئەندامەکان کردبوو لە یەکێک لە هۆڵەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن کۆ ببنەوە تا کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بۆ مەبەستی ناوبراو، بەڵام حاکم ڕەشید لە وەڵامدا گوتبووی: ئێمە فەرمانبەری ئێرە نین و جێگە و شوێنی خۆمان هەیە (کە مەبەستی بینای کۆنە دادگە بوو)، لەوێ لەو ژوورە کۆن و بچووکە بڕیاری زۆر گەورە و کاریگەر دەردەکرێ.

ڕۆژی دواتر لە کۆنە دادگە، دوای کۆبوونەوە، پاڵاوتنی ئەو کەسەیان پەسند نەکرد، بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ حاکم ڕەشید کردبوو بۆ هۆکاری



حاکم ڕەشید عەبدولقادر

ئەوەی دەربچێ، بیانکەن بە دادوەری پلە یەک و دوو بەپێی ساڵەکانی خزمەتیان.

لە یەکێک لە میواندارییەکانی سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا، سەرۆکی ئەنجوومەن بە حاکم ڕەشیدی گوتبوو: ئێوە داوای ناوی پارێزەری بەئەزموون و زیرەکتان کردووە تا بیانکەن بە دادوەر، جا (فڵان) پارێزەرێکی بەئەزموون و زیرەکە، کاتی خۆیشی ئەفسەرێکی پۆلیسی لێهاتوو بووە، بەڵکو بیکەنە دادوەر کە ئێستە لای ئێمە کار دەکا. حاکم ڕەشید گوتبووی ئەم داواکارییە دەبێ بەنووسراو بێت و کۆبوونەوەی لەسەر دەکەین، ئینجا بەفەرمی وەڵامتان دەدەینەوە. هەر لەو کات نووسراوێکی بۆ دەکەن و دەیدەنە دەست حاکم ڕەشید، جەنابی نووسراوەکە هەڵدەگرێ و دەڵێ دوای کۆبوونەوە لەگەڵ جێگر و ئەندامانی دادگەی پێداچوونەوە، بڕیاری لەسەر

قەبووڵنەکردنی کەسەکە، تا ئەگەر عەیب و عارێکی هەبێ لە ئەنجوومەن نەیهێڵن، حاکم ڕەشید لە وەڵامدا فەرموویبووی ئێوە گوتتان فڵان کاتی خۆی ئەفسەر بووە، کەواتە ئەفسەری لە خۆی باڵاتر هەبووە و پێی گوتوون (سەیدی) یا گەورەم، هەر کەسێکیش بە لە خۆی باڵاتر بڵێ گەورەم، بۆ کاری دادوەری دەست نادات و دەکرێ بکرێتە وەزیر، چونکە دادوەران بریکاری خودان لەسەر زەوی.

ئەوە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی حاکم ڕەشید عەبدولقادری کوردپەروەر بوو بۆ دادوەر و ڕەوشی دادوەری، بۆیە سەربەخۆییی دادوەری لە کاتی سەرۆکایەتیی جەنابیان، بەسەردەمی زێڕینی دادەنرێ

لە ١٢/٦/٢٠٠٥ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی (چراغ) بەخاک سپێردرا. ●

بتشکێن



گۆران سەباح

## پرتە پرت

توخوا حەیف نییە، خاوەنی سوورەوەردی و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و عەبدولکەریم مودەڕیس بین، خاوەنی عەلی حەریری و نالی و سافی و دەیان داهێنەری تر بین، کەچی لە هیچ بوارێکدا، خاوەنی یەک تیۆر نەبین؟

ئەرێ دەکرێ ئەو نەتەوە گەورەیە، تا ماوە، خۆی بە ڕۆژئاوا و بیانییەکاندا شۆڕ بکاتەوە بۆ توێژینەوە و کاری زانستی؟ بۆچی دەبێ بۆ هەموو شتێک، مەرجەع و چەقمان ڕۆژئاوا و بیرمەندانی ئەوێ بێت؟ بۆ کوردستان چەق نەبێت؟

خەتای کێیە؟

خەتایەکە ئیی هەموومانە، لای هێروە، ڕۆشنبیر و سیاسی و بازرگانەکان. ئەوان پشکی شێریان بەر دەکەوێت. بۆ؟

ڕۆشنبیرانمان وەکو تووتی بەس فیکری ڕۆژئاوا دەبارە و بیستبارە دەکەنەوە، ئەویش بە سەقەتی. سیاسییەکانمان ئاوڕێک لە هزر و پەروەردە و ڕچەی کوردەواری نادەنەوە و بایەخی پێ نادەن. بازرگانەکان گاڵتەیان بە فیکری خۆماڵی دێت، ئەینا، دەبا ئێستە بەبرەودان بە فیکری خۆماڵی، دەیان چتمان داهێنابا.

بابەتەکە تەسک دەکەمەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. ئەمە هەتا ئێستە تیۆرێکی ڕەخنەییمان نییە دەقەیلی خۆماڵیی پێ بخوێنینەوە. هەتا کەی ڕۆمان و شیعر و چیرۆکمان لە قالب بدەین تا بە تیۆری ڕەخنەییی ڕۆژئاوا بیانخوێنینەوە؟

هەموو جار پێم دەڵێن، ئەتو بەس ڕەخنە دەگری، ئەدی بەخۆت چت پێیە. شتم زۆر پێیە، بەس چی بکەم کەس ناخوێنێتەوە، هەمووی خەنی و مورتاحە بە تەماشاکردنی ڤیدیۆی پازدە چرکەیی. هەمووی خەریکی پرتە پرت و نووزانەوەیە. لە هەر بوارێکدا قسەم کردبێ، لەو بوارەدا شتم پێشکێش کردییە.

دەمێکە تیۆرێکی ڕەخنەییەم نووسیوە، جێبەجێیشم کردووە لەسەر ڕۆمانێکی خۆماڵی. لە گۆڤارێکی ئەکادیمیش بەزمانی ئینگلیزی بڵاوم کردیتەوە. دەمەوێ لە مەراسیمێکی شایستەدا، بە ئامادەبوونی ڕۆشنبیران و توێژەران و بیرمەندان لە کوردستان جاڕی بدەم.

لە دەرکەی کێ بدەم؟ بە کێ بڵێم؟ کێ هەیە قەدری ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی بگرێت؟ ئەرێ ئەم وڵاتە زانکۆیەکی تێدایە، بڕەک بە زانکۆیان بچی و پشتگیریی داهێنەران بکەن؟ زانکۆ هەتا دژایەتیی داهێنەران بکات، قەت چاوی بە تیۆرە ڕەخنەییەکەی من هاڵنایەت. پێت عەنتیکە نەبی، هەر داهێنەرێک لە هەر زانکۆیەکی کوردستان بێت، هەتا بکرێت و بلوێت دژایەتی دەکرێت. ئێستە دەبا ئەو تیۆرەی من هەڵقۆزرابا، نەکەتبا عاردی. ●



وێنە: ژیری دەسکرد

# لەبەر هەڵنەستانەوە بۆ ئاڵای عێراق خرایە زیندان

**د. سنوور سەباح**

فەرمانبەرێکی وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەولێر، بەهۆی نەوەستان بۆ ئاڵای عێراق، بەبڕیاری دادوەر بۆ ماوەیەک زیندانی کرا.

بەپێی نووسراوێکی پۆلیسی لیوای هەولێر، کە لە ١٢/٦/١٩٦٢ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی کشتوکاڵی هەولێر نێردراوە، هادی شاکر فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی کشتوکاڵی هەولێر، بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لە ڕۆژی ٢٠/٥/١٩٦٢ بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ، دەستگیر کراوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە، هادی شاکر لە چایخانەیەکی بەرامبەر یانەی سەربازی دانیشتووە، ئەو کاتەی بووقی سەربازی بۆ ڕێزگرتن لە ئاڵای عێراق لێ دراوە، ئەو هەڵنەستاوەتە سەرپێ، بۆیە ماوەی نۆ ڕۆژ زیندانی کراوە. ●

# کوبەی سەلمان 70 ساڵە جەمەی دێت

**گڵکەند**

حەفتا ساڵە لە هەولێرێ دوکانی کوبەی مام سەلمان جەمەی دێت لە خەڵک، ئێستەش لە شەقامی شێخەڵڵا دوکانەکەیان ماوە و خەڵک سەرەی بۆ دەگرن، لەوەش زیاتر هەندێک لە کاتی گەشتیاندا بۆ ئەوروپا، لەو کوبەیە بە دیاری دەبەن بۆ ئازیزانیان.

ئەو کوبە ناودارەی هەولێرێ بەناوی حاجی سەلمانی خاوەنیەوە کراوە، کە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆڵانی بەلوعەی گەڕەکی خانەقا لە بابێکی هەولێری و دایکێکی سنەیی بووە، لە منداڵییەوە دەستی بەکەسابەت کردووە.

لە پێنج ساڵییەوە بووەتە شاگرد لەلای حاجی عەلی کەبابچی، دوای ساڵانێکی زۆر و لە چلەکاندا وەکو پیشەکاری باپیری دەچێتە سەر کاری فرۆشتنی (سەروپێ)، سبەینان لەگەڵ بەیانی بەتەشتێکی پڕ لە سەروپێچکەوە دەچێتە سەر ئاوی میری و پاک دەیانشواتەوە و خاوێنیان دەکاتەوە، دەیانهێنێتەوە ماڵ و دەیانکوڵێنێ، ئینجا دەیانباتە بەردەرگەی قەیسەری و دەیانفرۆشێ.

حاجی سەلمان کوبەچی هیچ کات لە کار دانەبڕاوە، هەر هەستی کردبێ باوی کارێک نەماوە، چووەتە سەر کارێکی نوێ، شەربەتی مێوژیشی فرۆشتووە.





سەردەمێک لە ماڵەوە ئامادەی دەکرد و دەیبردە بازاڕی قەیسەری و دەیفرۆشت، کە لە کاری شەربەتفرۆشیش وەڕس بوو، ساڵی (١٩٥٤) دەستی بە کاری فرۆشتنی کوبە کرد.

سەرەتا لە ماڵەوە دروستی دەکرد و لەناو بازاڕدا ساغی دەکردەوە، دواتر دوکانێکی لە بەرامبەر سینەما حەمرای جاران کردەوە، ماوەی ٢٠ ساڵی تەواو لەم دوکانە کاری کرد.

سالمی کوڕی حاجی سەلمان دەیگێڕێتەوە ئەو کوبانەی لە ماڵەوە دروستیان دەکرد، دەیانخستە ناو مەنجەڵێک و سبەینان بەرەو ئۆردی (سەربازگە) دەکەوتنە ڕێ.

کوڕەکەی حاجی سەلمان ماوەیەک خۆی سەرباز بووە و تا ئێوارە هەموو کوبەکانی دەفرۆشت و بە مەنجەڵی بەتاڵەوە دەگەڕایەوە ماڵێ.

ناوبانگی کوبەی سەلمان هەموو شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە، خەڵکی زۆر هەبوو لە سلێمانی و کەرکووکەوە تایبەت بۆ خواردن و بردنەوەی کوبەی حاجی سەلمان سەردانیان کردووە

حاجی سەلمان لە پاڵ کارەکەیدا، دەنگخۆشێکی بێ هاوتا بووە، دەفژەنێکی لێهاتووش، هەمیشە سەدای دەنگی خۆشی لە بانگدانی لە مزگەوتەکانی شێخەڵڵا، سەید عەزیز و تەکیەی شێخ عەبدولکەریم جێی سەرنجی هەمووان بووە. ●

# ئەو زەمانەی ئۆتۆمۆبێلی شارەوانیی هەولێر لە کەرکووك چاك دەکرایەوە



وێنە: ژیریی دەستکرد

**مافپەروەر حوسامەدین سەرداری**

چەند تۆمارێکی فەرمیی شارەوانیی هەولێر لە ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥دا، بڕیار و کاری سەرنجڕاکێشی ئەو سەردەمەی ئیدارەی شارەکە ڕوون دەکەنەوە، لێرەدا چەند دانەیەک دەخەینە ڕوو:

شارەوانیی هەولێر ڕۆژی ١٥/٧/١٩٥٤ بە بڕیاری ژمارە ٣٦٨ ئۆتۆمۆبێلێکی شکاو ڕەوانەی کەرکووک دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمپانیای ئوستنی ئەو کات بە ١٨ دینار و ٨٨٠ فلس چاك بکرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی فیتەرەکانی هەولێر نەیانتوانیبوو چاکی بکەنەوە.

هەروەها ڕۆژی ٢٩/٧/١٩٥٤ بڕیارێکی تر بە ژمارە ٣٩٤ دەردەکات، تیایدا ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر بڕیاری داوە دینارێک و ٥٠٠ فلس بۆ کرێی چاککردنەوەی عەرەبانەی زبڵی گەڕەکی مستەوفی و خانەقا و عارەبان خەرج بکات.

پارەکە دەدرێت بە دارتاش قۆجە فەتحوڵڵا نەجاڕ، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەشی مەئمووری بەشی شارەوانی و چاودێریی بازاڕ.

بڕیاری ژمارە ٤٠٢ لە ٢٩/٧/١٩٥٤ بەزمانی کوردی نووسراوەتەوە، واتە بەر لە ٧١ ساڵ شارەوانی بەفەرمی زمانی کوردیی بەکار هێناوە وەک زمانێکی فەرمی، سەرەڕای ئەوەی لە دەستوور ئاماژەی پێ نەکرابوو.

بڕیارەکە بۆ کرێی ڕووناککردنەوەی شەقامەکان و فەرمانگەی شارەوانی و قەسابخانە و مزەخەی ئاوبار بووە لە حوزەیرانی ١٩٥٤، کۆی پارەکە بووەتە ١٣٠ دینار و ٩٨٥ فلس.

لەلایەکی دیکەوە بڕیاری ژمارە ٤٠٥ لە ٢٩/٧/١٩٥٤ ئاماژە بەزیادکردنی مووچەی فەقیرانەی چەند ئافرەتێکی دەستکورت دەکات لە ١٠٠ فلسی مانگانەوە بۆ ٢٥٠ فلس. ئەویش دوای نووسینی داواکارییەک لەلایەن ئافرەتەکە و پشتگیریی دوو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر کە بریتی بوون لە عەلی حەسەن و مەجید حاجی یونس.

بڕیاری ژمارە ٤٩٧ لە ٢٥/٩/١٩٥٤ ئاماژە بە ژمارە و خاوەن موڵکەکانی گەڕەکی تەعجیل یەهوود دەکات، کە خاوەنەکانیان جوولەکە بوون و لە هەولێر نەماون، ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندراوەتەوە.

موڵکەکانیش (تەجمید) کراون و دوای کردنەوەی شەقامی مووسڵ بەشێکی کەوتوونەتە بەر شەقام و بەشەکەی دیکە بەڕووخاوی ماون و شێوەی شەقامەکەی ناشیرین کردووە، بۆیە هۆشداری دراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاودێری و کارگێڕیی موڵکی جوولەکەکان کە لە ماوەی چوار مانگدا موڵکەکان دروست بکەنەوە، بەپێچەوانەوە سەرۆکایەتیی شارەوانی بەپێی یاسای خۆماڵەکردن (الاستملاک) ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٣٦ موڵکەکان ئیستیملاک دەکات.

موڵکەکان بریتی بوون لەوانە:

٤٤/٢ تەعجیل — ئیبراهیم حسقێل شەمعون

٧٥ تەعجیل— نیسان حسقێل ئیسحاق و هاوبەشەکانی

٧٦ تەعجیل — ئەسلان ئاهو و هاوبەشەکانی

٤٣ تەعجیل — حابە شبۆ یوتو

٧٢ تەعجیل — نیسان عبدالنبی و هاوبەشەکانی

٧٣/٢ تەعجیل — ساسون حاخام شبل

٧١ تەعجیل — یوشو نوری

٧٧ تەعجیل — فرانا هارون و هاوبەشەکانی

٧٤ تەعجیل — ئەسلان یونان و هاوبەشەکانی

٦٨ تەعجیل — شدرە برایمۆک و هابەشەکانی

هەروەها بڕیارێکی تر بە ژمارەی٥٩١ لە ٢٥/١٠/١٩٥٤ کە بەزمانی کوردی نووسراوە، ئاماژە بەوە دەکات کەمکردنەوەیەک بڵاو کراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی قوماش و دوورینی ١٠ قات جلی زستانە بۆ مەئمووری بەش و ٨ چاودێریی شارەوانی کە هەر قاتێک سیدارە و پشتێنێکی لەگەڵ دایە. کەمکردنەوە ڕەوانەی بەرگدروو غولام جەبار خەیات کراوە. هەر ١٠ قات جلەکە بە ٧٠ دینار دراوەتە بەرگدرووی ناوبراو، بەمەرجێک پێشینە نیوەی پارەکەی پێ بدرێت و نیوەکەی دیکە دوای تەواوبوونی دوورین و وەرگرتنەوەی قاتە جلەکان.

بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٥ لە ٣٠/١١/١٩٥٤یش، ٦٥٠ فلس بۆ ڕەئووف سابیر خەرج دەکرێت، چونکە شارەوانی ویستوویەتی ١٣ کورتان بۆ گوێدرێژەکانی ئامادە بکات هەر کورتانی بە ٣٠٠ فلس، بەڵام کەس نەبووە بەو پارەیە کارەکە ئەنجام بدات، بۆیە لەگەڵ (اهلی مهنە) ڕێک کەوتوون بەزیادکردنی ٣٠٠ فلس بۆ ٣٥٠ فلس، بەم جۆرە پێویست دەکات بڕی ٦٥٠ فلس زیادە خەرج بکرێت بەپێی ماددەی ٤ و فەسڵی ٥.

لە بڕیارێکی تردا بە ژمارە ٣١ لە ١٣/١/١٩٥٥ هاتووە کە بڕی ٧٠٠ فلس خەرج بکرێت بۆ دارتاش قۆجە فەتحوڵڵا نەجاڕ، ٤٥٠ فلس بۆ گۆڕینی ٩ دەسکی خاکەناس و چاککردنەوەی ٢ قوڕکێش، ئەمەش پاڵپشت بەڕاپۆرتی هاوبەشی مەئموورانی بەشی شارەوانی و هاوپێچی پسوولەی مەئموورەکان بڕیارەکەش بە زمانی کوردی و نووسینی ئەو کات نووسراوە.

هەروەها بڕیاری ژمارە ٢٢٦ لە ١١/٤/١٩٥٥دا پاڵپشت بە ڕاپۆرتی نووسەری تەحریر و کارگێڕی شارەوانیی هەولێر بڕی ١٦ دینار دراوە بە ٨ کەس کە ناویان لە خوارەوە هاتووە لە بریی لێدانی دەهۆڵ و زوڕنا لە ڕۆژی چوارشەم کە دەکاتە ٦/٤/١٩٥٥ بەبۆنەی ئاهەنگگێڕان لەو شوێنانەی دیاری کراون بە پووچەڵکردنەوەی پەیمانی عێراقی– ئینگلیزی. دۆڵ لێدەر و زوڕناژەنەکان بریتی بوون لە خدر حوسێن، حەمە عەولا، برایم عومەر، دێوانە ڕەحمان، قادر محەمەد، سدیق قادر، نووری عەولا و عەلی عەبدوڵڵا.

# ژنە کلدانێکی شەقڵاوە دەبێتە شاعیرێکی کورد

گڵکەند

ژنە کلدانێکی شەقڵاوەیی چەند ساڵێکە بە زمانی کوردی شیعر دەنووسێ و یەکەم شیعریشی لە ئەڵمانیاوە بۆ سروشتی جوانی شەقڵاوە نووسیوە و دەڵێ کتێبێکی شیعریشی ئامادەیە بۆ چاپ.

سەلما تۆما کاکۆ تەمەن ٦٥ ساڵ، بەئاین کریستیان و بە نیشتمان کوردستانییە، وەکو خۆی دەڵێ هۆگریی بۆ زمانی کوردی وای لێ کردووە شیعری پێ بنووسێت.

ئەو ماوەی نۆ ساڵە نیشتەجێی ئەڵمانیایە، غوربەت و دووریی لە نیشتمان و ئازیزانی هەستی جۆش داوە بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕێگەی شیعرەوە ناخی بنووسێتەوە.

سەلما چیرۆکی دەستپێکی نووسینی شیعرەکانی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە کە هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە شیعری خۆش ویستووە و لە وانەکانی کوردی و عەرەبی تا مامۆستا دەیخوێندەوە ئەو ئەزبەری دەکردن، لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بەهۆکارێکەوە شیعرێکی نووسیوەتەوە، بەم دواییەش کە بڕیاری مانەوەی لە وڵاتی ئەڵمانیا دا، لەبەر دابڕانی لە دەوروبەر، خولیای بۆ نووسینی شیعر زیاتر بوو، یەکەم شیعریشی بۆ جوانیی سروشتی شەقڵاوە نووسیوە.

ئەو کە سەرەتا بەزمانی کوردی و عەرەبی و سریانی شیعر و پەخشانی نووسیوە، بەڵام ئێستە زیاتر بە زمانی کوردی و جارجارەش بە زمانی سریانی دەنووسێت. لەبارەی نووسینیش بە زمانی کوردی وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، مەبەستیەتی لەو ڕێگەیەوە زیاتر ڕێچکەشکێنی بکات و ئافرەتانی کریستیان بۆ دەرخستنی تواناکانیان لە بواری نووسین بەتایبەت بە زمانی کوردی هان دەدات.

ئەو جگە لە شیعر، پەخشانە شیعریشی نووسیوە، سەبارەت بە بەرهەمی چاپ و ژمارەی شیعرەکانیشی دەڵێ «شیعرەکانم نەژماردوون، بەڵام بەردەوامم لە نووسین، دەمێکیشە کتێبێکم ئامادەی چاپە»، وەک خۆی دەڵێت لە بریی هاندان و پشتگیری ڕێگریی زۆری هەبووە، بەڵام ئەو گوشار و ڕێگرییانە نەبوون بە هۆکارێک بۆ وازهێنانی لە شیعر.

سەلما تۆما لە ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی ئاماری زانکۆی مووسڵ بەدەست هێناوە، هاوسەرگیریی کردووە، دایکی دوو کچ و کوڕێکە. دەڵێ کەسێکی دیاریکراو وەک پاڵەوان لە پشت شیعرەکانی نییە، بەدیاریکراویش شاعیرێک نییە کاریگەری بەسەر نووسین و شیعرەکانییەوە هەبێ، بەڵام وەک خۆی دەڵێ هەر کات دەقێکی جوان دەخوێنێتەوە خۆزگە دەخوازێت هی ئەو بوایە. ●



وێنە: ژیری دەستکرد

# شیوعییەکانی سینەما سیروان

پشتیوان عەبدوڵڵا

لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سینەما سیروان پتر فیلمی عەرەبی (میسری و لوبنانی) و ئەو فیلمە بیانییانەی پێشان دەدا، کە ناوەڕۆکیان بابەتی شۆڕشگێری و نیشتمانیی چەپڕەوانە بوون، بەمەش شیوعییەکانی هەولێر و چەپڕەوەکانی لێ کۆ دەبوونەوە

پێشاندانی ئەو فیلمانە لە کاتێکدا بوو کە ڕژێمی بەعس پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت (ڕووسیای ئێستە) هەبوو، بەڵام دیار نەبوو کە ئەم فیلمە شۆڕشگێڕی و چەپڕەوییانە بە بەرنامە و پلان بۆداڕێژراو بوو یان نا.

ئێواران شیوعییەکانی هەولێر دەچوونە سینەما و دوای بینینی فیلمەکان، دەگەڕانەوە گازینۆ لەیالی ئەربیل و لەوێ دادەنیشتن، گفتوگۆی چڕیان لەسەر ناوەڕۆکی فیلمەکان دەکرد، لەوانەش فیلمی ئەو دە ڕۆژەی دنیای هەژاند، قەرەجەکان بە ئاسمان سەردەکەون، کیوما و سەربازی شین.

سەربازە عێراقییەکانیش کە ئەرکیان لە سنووری هەولێر بوو، ڕوویان لە سینەما سیروان دەکرد بۆ بینینی فیلمە عەرەبییەکان، بەتایبەت ئەوانەی لەیلا عەلەوی، نەبیلە عوبێد و سەفیە عەمری ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا، جگە لە فیلمە وروژێنەرەکان، کە بەشەوقەوە بۆ بینینیان، خۆیان لە ئەرکی سەربازی دەدزییەوە.

بەهۆی بەردەوام ڕاکردنی سەربازە عێراقییەکان لە ئەرکەکانیان، هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی ڕژێم بە بابەتەکەیان زانی، زۆر جار بەر لە کۆتاییهاتنی فیلمەکان، لە بەردەرگەی سینەما سیروان خاڵی پشکنین دادەندرا بۆ دەستگیرکردنی سەربازەکان، لەگەڵ ئەوانیشدا ئەو گەنجە کوردانەش بەردەکەوتن کە خۆیان لە خزمەتی سەربازی دزیبووەوە، هەندێک جار لە چالاکە سیاسییەکانیش تووش دەبوون، بەڵام خاوەن و کارمەندانی سینەما سیروان ئەو گەنجە کوردانەی گومانی سیاسیبوونیان لەسەر بوو، لە کەلێن و قوژبنەکانی سینەما دەشاردەوە، بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێن. ●

# بەر لە 104 ساڵ
# هونەرمەندێکی پیاوی هەولێر خۆی کرد بە ژن



**دوین ئاریان**

ئەو سەردەمەی لە هەولێر بە شوورەیی دەزاندرا ئافرەت لە نمایشە شانۆییەکاندا ڕۆڵ ببینێ، هونەرمەندانی پیاو لە پەرۆشییان، بەبێ گوێدانە تانە و تەشەر، جلی ئافرەتیان دەپۆشی و بەخشڵی ژنان خۆیان دەڕازاندەوە، لەسەر تەختی شانۆ و دواتریش لە درامای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا ڕۆڵی ئافرەتیان دەبینی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەغدید حاجی لە کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا)، چەند نموونەیەکی زیندی لەو دەستپێشخەرییانەی هونەرمەندانی شارەکە خستووەتە ڕوو، لەوانەش کاتێک هونەرمەند ئەدیب عەلی ساڵی ١٩٢١ ڕۆڵی ئافرەتی لە شانۆگەریی سەلاحەدین ئەیوبیدا بینیوە، کە لێژنەی هونەر و نواندنی سەر بەقوتابخانەی یەکەمی هەولێر ئامادەی کردبوو.

هەمان شانۆگەریی لە ئایاری ١٩٣٠دا لە دەرهێنانی عەبدولمەجید حەسەن نمایش کراوەتەوە، هەریەک لە باکۆس تۆما، سەرکیس تۆما و وەهبی ئاکوب ڕۆڵی ئافرەتیان تێدا بینیوە.

لە شانۆگەریی کچی کوردستانیشدا کە ساڵی ١٩٣٢ لە ئامادەکردن و نواندنی سەید نەزیف کۆیی لە هەولێر پێشکێش کراوە؛ سەید نەزیف خۆی ڕۆڵی (پیرۆز)ی تێدا بینیوە، جلکی ژنە هەرکییەکی لەبەر کردووە.

جەمیل جەرجیس ساڵی ١٩٣٨ ڕۆڵی (دیدمونا)ی لە شانۆگەریی (عوتەیل)ی شکسپیردا بینیوە. هەروەها ساڵی ١٩٣٩ شانۆگەرییەکی تر بە ناونیشانی (سەلاحەدینی ئەیوبی و شەڕی خاچپەرستان) لەلایەن تیپی شانۆییی سانەویی هەولێر لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە نمایش کراوە، ئەحمەد حەسەن خۆشناو ڕۆڵی شاژنی تێدا گێڕاوە. ئیبراهیم ئیسماعیل ڕۆڵی جولیای خوشکی ڕیکاردوسی تێدا گێڕاوە، جەلال محەمەدئەمین دەرگەڵەییش ڕۆڵی کارەکەر ئوجینی گێڕاوە.

ساڵی ١٩٥٣ جەواد ڕەسووڵ ناجی لە دواناوەندیی هەولێر شانۆگەریی عوتەیلی شکسپیری ئامادە کرد بۆ سەر شانۆ، دوو ڕۆڵی سەرەکیی ئافرەتی تێدا بووە، سەفوەت جەڕاح ڕۆڵی پاڵەوانی یەکەم دیدمونا و سائیب ڕەفعییت ڕۆڵی کاراکتەری دووەمی بینیوە.

لەم بارەوە سەفوەت جەڕاح دەڵێ «لە سەرەتای شێستەکانەوە، لەو کاتەی بەمامۆستای هونەر لە خانەی مامۆستایانی هەولێر تەنسیب کرام، چوار شانۆگەریم پێشکێش کرد، هونەرمەند وریا ئەحمەد ڕۆڵی ئافرەتی تێدا بینی“.

هەروەها هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان دەڵێ لە ساڵی ١٩٦٩دا شانۆگەرییەکیان بەناوی (قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش کرد، جەلیل مستەفا ڕۆڵی ئافرەت (دایک)ی تێدا دەبینی.

هونەرمەند سەلام کۆیی ساڵی ١٩٦٩ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل ڕۆڵی فاتمی لە شانۆگەریی چارە ڕەشدا بینیوە، لە شانۆگەریی مەسەلەی شارێکیشدا کە ساڵی ١٩٧٣ بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کراوە، ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە.


ساڵی ١٩٧٠ لە شانۆگەریی (ترس)ی هونەرمەند تەڵعەت ساماندا، گەیلان یاسین ڕۆڵی کچی کوێخا و شێرزاد محەمەدیش ڕۆڵی فریشتەی بینیوە.

ساڵی ١٩٧١یش هونەرمەندان سەباح عەبدولڕەحمان و پەیمان بەگۆک و محەمەد محێدین لە شانۆگەریی (فاڵچی)دا ڕۆڵی ئافرەتیان بینیوە.

لە فیستیڤاڵی چالاکیی قوتابخانەکانیشدا کە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا ڕێک خراوە، لەناو بەشداربووانی هەموو پارێزگەکاندا تەنها نێردراوی شانۆییی هەولێر ئەندامی ئافرەتی لەگەڵدا نەبووە. هەر بۆیە لە ئۆپەرێتی (تارا)دا لە نووسینی عەبدولواحید مەرجان و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، هەریەک لە ڕەسمی جەلال، سەباح ئەسعەد خۆشناو، عەبدوڵڵا ئەحمەد و جیهاد کاک قادر ڕۆڵی ئافرەتیان بینیوە.

هونەرمەندی جوانەمەرگ سوبحی کۆییش لە شانۆگەریی (مەسەلەی شارێک)دا ڕۆڵی (مەنیج بەربووک)ی بینی، کە تا کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ناوی لەسەر زاری خەڵکی کوردستان بوو. ●

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# شانۆ

بنیادەم هەر لە قەدیم زەمانەوە حەزی لە شانۆ و شانۆگەری بووە، مەکسیم گۆرکی گۆتیتی: (نان و شانۆیەکم بدێ گەلەکی هۆشیارت دەدەمێ).

لەمێژە لە هەولێرێ، چشتی وەکی شانۆگەری پێشکەش کرایە، خاسەتەن لە مزگەفتەکان و لەو بۆنانەی ئیجازەی مەلایەتییان دەدا ئەو فەقێیانەی خیندنی شەرعییان تەواو دەکرد، لۆ نموونە نواندنەکانی: پاشایانێ، دختۆر، ئاشەوان، کێشەی دوو برا لەناو مزگەفتێ لە کاتی ئیجازەدانێ پێشکەش دەکران.

بەران بەشێوەکی ئەکادیمی یێکەم شانۆگەری لە ساری ١٩٢١ لە شاری هەولێرێ پێشکەش کرابی، شانۆگەریی (سەلاحەدین ئەیوبی) بووە، کە بە زمانی عارەبی پێشکەش کرابوو، محەمەد تەیمووری نووسەر ئەوەی دیتیتەوە.

پاشە وی لە ساری ١٩٢٩ قوتابیانی سانەوییەی هەولێرێ شانۆگەریی وێنەتی (×ورتی)یان پێشکەش کردبوو، ساری ١٩٣٠ لۆ جاری دووەم قوتابیانی قوتابخانەی ئەربیل ئولا شانۆگەریی (سەلاحەدین ئەیوبی)یان پێشکەش کردبوو، ئەوجارە لە دەرهینانی عەبدولمەجید حەسەنی بووە، ساری ١٩٣١ شانۆگەریی (کچی کوردستان) پێشکەش کرابوو، لە سارانی ١٩٣٣-١٩٣٤ دیسان شانۆگەریی (سەلاحەدینی ئەیوبی) پێشکەش کرابۆوە، ساری ١٩٣٦ قوتابیان و مامۆستایانی شاری هەولێرێ شانۆگەریی (شەڕی قادسیە)یان پێشکەش کردبوو، ئەو شانۆگەرییە لە وەرگێڕان و دەرهینانی زەکی ئەحمەد هەناری بوو.

لە ساری ١٩٣٨ شانۆگەریی (ئۆتیللۆ) پێشکەش کرابوو، لە نووسینی شکسپیر و وەرگێڕان و دەرهینانی: دانیال عوزێر قەسابی بوو، فەرهاد پیربار دەرێ ئەو شانۆگەرییە ناوی (دەیدەمۆنا) بووە و جەمیل جەرجیس ڕۆری دەیدەمۆنای دیتبوو، بەران محەمەد تەیموور دەرێ ناوی ئۆتێللۆ بووە نەک دەیدەمۆنا، موحسین محەمەدیش دەرێ ناوی (ئۆتیللۆ) بووە، ساری ١٩٣٩ شانۆگەریی (سەلاحەدین ئەیوبی) پێشکەش دەکرێتەوە، دانیال عوزێر قەساب سەرپەرشتیی دەکات، فەرهاد پیربار دەرێ ئەو شانۆگەرییە نەجیب جەواد نووسیبووی.

ئیشی هونەری چەند سارەک لە شاری هەولێرێ ڕادەوەستی، لەوانەیە جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) تەئسیری هەبووبی، لە ساری ١٩٤٦کاری شانۆیی دەست پێ دەکاتەوە و شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر)، (پاشای کلۆ) و (لە ڕێی نیشتماندا) پێشکەش کرابوو، ساری ١٩٥٣ دیسان شانۆگەریی (ئۆتێللۆ) پێشکەش کرابۆوە، ساری ١٩٥٧ تیپی نواندنی کۆمەرەی هونەرە جوانەکان لە هەولێرێ دادەمەزرێ و شانۆگەریی (شەهرەزاد) پێشکەش دەکەن، ساری ١٩٥٨یش شانۆگەریی (هارون ئەلڕەشید) نمایش کرابوو. پاش نەمانی حوکمی پاشایەتی لە ساری ١٩٥٨ لە عێراق، هونەر پێشکەت، ساری ١٩٥٨ شانۆگەریی هارونە ڕەشید پێشکەش کرابوو، یەکێتیی گشتیی قوتابیانیش شانۆگەریی (ست دراهم) و (انا امک یا شاکر)یان بە زمانی عارەبی پێشکەش کردبوو. ●

خاوەن ئیمتیاز: دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
سەرنووسەر: ڕێبەند سەعدوڵا
دیزاین: ئاراس ئەکرەم
لۆگۆ و خۆشنووسی: بژار ئەربیلی
دەستەی نووسەران: نازم دڵبەند، هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

گڵکەند

Issue (17), Sunsday 1/6/2025



نیشتمان خوێنی شەهیدانی ئەوێ
شەرتە تاکو سەربەخۆیی نەسرەوین
دەوری بێدیلی و ژێردەستی باوی نەما
ئەمڕۆ کاتی مافی ژینە و ڕاپەڕین
هێزی ئێمە کێوی پۆڵا و ئاگرە
خێڵی ناپاک قڕ دەکەین ئازادە بین

مەدحەت بێخەو